
چیرۆک
واران
خەبات ڕەسوولی
یەکێتیی نووسەرانی کورد
مەڵبەندی گشتی- 127

واران

یەکێتیی نووسەرانی کورد
مەڵبەندی گشتی 127

ناوی کتێب: واران

بابەت: چیرۆك

ناوی نووسەر: خەبات ڕەسووڵی

دەرهێنانی هونەری و بەرگ: فەهد شوانی

چاپی یەکەم– 2014 هەولێر

تیراژ: 500 دانە

چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( 81 ) ساڵی 2014ی پێدراوە

مافی چاپکردنەوەی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد پارێزراوە

واران

خەبات ڕەسووڵی

## نەبوون

خاتووزین لەسەرخۆ چووە، بەلام هەروا پێکەوە نووساون. ئازای گیانت ژان دەکا بە تایبەت کەلەکەت وەختە کون بێ، ئێشەکەی جار بەجار زیاتر بڕستت لێ دەبڕێ، دەڵێی کوانێکی گەورەیەو زار دەکاتەوە یان دیوارە دەقەڵەشێ.

چاوت هەڵدێنی وەك لە دونیایەکیتر دابی ــ خەونو بێهۆشی دایگرتووی ـ دوێنێ نا ... بەیانی بوو یاساولێك قیژاندی. پێکەوە نووساون، پاشان شا هات، بەلام تۆ لەسەرخۆ چووبووی ــ دەمارەکانت دەڵێی پچڕ، پچڕ دەبن. خوێن بازلقەی بەستوەونێو سلولەکەتان لە خوێن گەوزاوە.

جیڕەی دەرکە، وەخۆت دێنێتەوە، سەرت هەڵدێنی، یەکێ قیژاندی. بوون بە یەك... بوون... دەنگی بە حاڵ دەبیستی وەك لە ئەشکەوت دا بنەڕێنێ دەنگ دەداتەوە... بوون بە یەك... یەك

بە بوون ئارەقەیەکی سارد بە نێوان پشتت دا شۆڕاوگەی بەستوە، سەرماتە، هەست دەکەی وەك ژنێکی دووگیان لـە ژان بووبێتـەوە، چاوت قورس بووە، ماندووی، خەو دایگرتووی، خەو دەتباتەوە.

* * *

وەهۆش دێمەوە، هێزم تێـدا نـەماوە، نـازانم لـە کـوێم، چـاو بـە وڵاتدا دەگێڕم، هێورهێور وەبیرم دێتەوە وشەکان لەپێش چاوم ڕێز دەبن... بەند ... بەنـدی ... بەندیخانـە. تـەکان لـە خـۆم دەدەم، هەستمە سەر پێ. بەڵام لای چـەپم لەگـەڵم نایـە. دەسـتێکی پێـدا دێنم وەك دەست بە گیانی پیاوێك دابێنم، یەك بەخۆم دەقیژێنم... نا... نابێ منو مەم بووین بە یەك بەڵام مەم بێهۆشە، تروسکەیەك لە دڵم دا دەگەشێتەوە، ئۆخەی... ناتوانن لێکمان هەڵبڕن. هەرا لە مەم دەکەم بەڵام وادیارە هەر بێهۆشە، زۆرم برسیە، دەنەڕێنم... نـان ... برسـیمە. پاسـەوانێك دێتـە ژووری، بـە ترسـەوە تێمـان دەڕوانێ. پاشان لەتکە نانێك فڕێ دەداتە خوارێ، دەسـت دەکـەم بـە جـوینی، دەڵێـی دار دەجـووم، بـە ئـاوی دەمـم دەیخووسـێنمو پاشان قـووتی دەدەم. ئێشـێکی زۆری هەیـە، دەڵێـی بـەرد قـووت دەدەم،

* * *

پێدەکەنین، تێربووین، گەرمای لەشمان بەرەو خەوێکی ئەبەدی رامان دەکێشێ، بەڵام لـە ناکـاو زەنـا... زەنـا، سـاز دەبـێ، سـەر هەڵدێنین، شایە، دێتە پێشو دەڵێ: کوا زین؟

دەڵێم: ئەوەتام، دەڵێم: ئەوەتا... . دەڵێ کوا؟ فرمێسک لە چاوی دا قەتیس دەبێ، وشەکان لە گەرووی دا لەت دەبن... کوش... تت.

نا... نا دەڵێ: ئەوەنیە خوێن، ئەوەنیە کراسە خوێناوییەکانی. دەنەڕێنم: کاکە مەگین نامبینی. دەڵێم: مەگین نایبینی. دەڵێ: بە شێتم دەزانی، بزانە چت لێدەکەم، هەرا دەکا:

ـ کاکە بەکرە چی لێ کەین؟

دەڵێم: بەکرە شۆفار، دەڵێم: بەکرەی چاو حیز، بەکر، لە پشت شاوە دێتە دەرێ، بزەیەکی نەگریسی لەسەر لێوە، دەڵێ: قوربان... قوربان، ئەو دووانە مارن... ئاشقەو ماشقە، بیان خەینە ئاگرەوە لێك جیا دەبنەوە. دەڵێم: مەگین دەستم نەتگاتێ. دەڵێم: بە نینۆك ونجڕونجڕت دەکەم. شا قاقا دەکێشێ: کاکە بەکرە، کاکە بەکرەی مەزن، پیاوی هێژا.

دەنەڕێنێ: جەغزێکی ئاگرین لە حەساری کۆشك بکەنەوە.

دەوریان دەگرن، چەقڵی مەمو زین ئاگر دەدەن. لێیان نزیك دەبنەوە، لە جەغزێکی ئاگریندا گەمارۆ دەدرێن، دوپشکێ کلکی هەڵدێنێو بە خۆیەوە دەدا. جار بە جار پتر لێیان نزیك دەبنەوە.

لە نەکاو سوارێك لەتەنیشتیانەوە تێدەپەڕێ، ئەوانیش بە دوویدا، حەشیمەت چەپڵە لێدەدەن، کەیکاووس بەرەو پیلیان

دێ، له قولینچکێك سوودابه دەگرێو خۆی دەڕنێتەوە. حەشیمەت وێکڕا دەنەڕێنن:

سیاوەش، سیاوەش.

سیاوەش دادەبەزێو دەستی شا ماچ دەکا. ئەوانیش دەستی ماچ دەکەن. عەرفۆ و چەکۆش لە تەنیشتی راوەستاون. خەڵکی زێڕوەشانیان دەکەن... لە دوورەوەش گەڕی هەڵپەڕکێ گەرمە. سەرچۆپی سەما دەکێشێ.

دەستی مەم دەگرمو دەچینە شاییەکەوە، مەم سەرچۆپی دەگرێ، ئارەقە بە لاجانگیدا زەنگۆڵ زەنگۆڵ دەتکێ، لەگەڵ ئارەقەکەی تك تك دێمە خوارێ. هەر دڵۆپەی دەبێتە زینێکو دەستم دەگرێ، هەموو زینو تەنیا من مەم. لە پڕ زین دەبێتە سەدان پەپوولەو لەسەر دارە سێوێك دەنیشێ. بەڵام من هەر سەما دەکەم.

بە دەوری دارە سێوەکە دا شێخانی هەڵدەپەڕم، لە تەنیشت دارەکە پیرێك دانیشتوەو شێعر دەنووسێ بە دەوری ئەویش دا سەما دەکەم، لەبەر خۆیەوە دەڵێ: ـ رۆژی جێژنو خۆشیە، تێپەڕ بوو رۆژی دەردوخەم.

لە ناکاو ڕادەوەستم، چۆکم دەلەرزێ. قورساییەکی لەبڕان نەهاتوو، سینگی تەنیوم، سێ سێدارە دەلەرێنەوە. سەرم بەر دەدەمەوە خوارێ، فرمێسك لە چاومدا قەتیس دەبێ، لەسەر لمێك دەنووسم، چی بوو تاوانی ئەوانەی ... بەڵام یەکەم ڕەشەبا

دەیسـڕێتەوە. پشـووم سـوار بـووە، هەناسـەم دەرنایـە، یـەکێ دەنـەڕێنێ، بوردومـانی کیمیـایی، سـەر هەڵـدێنم: هەڵەبجەیـەو دەسووتێ، سەرم گێژ دەخوا، وە کۆخە کۆخ کەوتووم، هەڵدەستم هـەڵێم. بـەڵام دڵـم لـە کـار دەکـەوێو دەمو روو دەکـەوم. ورگـم دادەوەشێو گلێنەکانی چاوم بەردەبنەوە خوارێ، یەکێ دەنەڕێنێ کوشتیان، یەکیتر دەڵێ کێ؟

دەڵێ: لە رێستۆران.

دەڵێ کێ؟

دەڵێ: مەم.

دەڵێ: سیاوەش.

دەڵێ: هەڵەبجە.

دەڵێ: مێژوو.

سیروانی ژمارە 32ی ساڵی سێهەم
27ی رەشەمەی 1379

## شێت

دەنگ ـ دەنگ

گـوێم لــێیە . . . بـەڵام نـازانم دەنگـی چـیە؟ کەنیسـەیە یـان دەنگـی . . . ؟ لەمێـژە دەیبیسـم. بـەڵام قـەت نـەمزانیوە دەنگـی چـیە؟ ئــەورۆ رۆژی لــە دایـك بوونمــە یــانی وا هەســت دەکــەم! ماکــەکانی لەشــم وێــك دێــنو پێکــەوە دەنووســێن، دەمارەکــانم خوێنیــان پێــدا دەگــەڕێو گیــانم قرچــە قــرچ لێــك دەڕەوێتــەوەو دەبووژێتــەوە. دەڵێــی ســاڵگەلێکە وشــك هەڵگــەڕاوم‌و ئێســتە دەکرێمەوە. بەڵام شـتێکم کەمـە وەك .. .. نایەتـەوە بـیرم. تـەنیا وڵات تاریکەو بەس. خشە خشێك لێم نزیك دەبێتـەوە دەسـتێك لـە شانم دەداو دەڵێ:

ـ هەستە برۆ ئازادی!!!

ـ دەڵێم: چی؟ ئازادم؟ کێ؟ یانی چی؟

وەڵامی نەدامەوە، تەنیا خشەیەکم گوێ لـێ بـوو کـە ڕۆیشـتو بەجێی هێشتم.

* * *

لاقەکانم بێ ڕاوەستان دەڕۆن، وەك پێشتر پێم گوترابێ بۆ کوێ دەڕۆم، دەڵێی بە هەموو شوێنێك دەزانم.

هەست دەکەم دەچمە شوێنێکی قەرەباڵغەوە, یـەکێ لـە پـەنام دەنەڕێنێ: "خەیاری گووڵ بەدەم."

یەکێ لەو لاوە دەڵێ: "تەماتەی کوردی، وەرە تەماتەی کوردی بەرەوە، تەماتەیە."

خەیار ـ خەیار ـ تەماتە ـ کورد ـ کوردی! ! ؟

ــ هـەموویانم بیسـتوەو هیچیشـیانم نەبیسـتوە. بۆشـاییەك لـە دەروونم دا ساز دەبێ. گوشار بۆ مێشکم دێنم. پاشـان لـەوێ دوور دەکەومەوە.

لاقـەکانم ڕاوەسـتانو نـازانن، بـۆ شـوێنێکی تـرم دەبـەن یـەکێ دەڵـێ: کـۆپین، کـۆپین. . . یـەکێ دی: ئـەنواعی کتێبـی فکریمـان هەیە، مارکس، سارتێر، فۆکـۆ. . . هەڕاجـە کـە بـە پەنایـدا دەڕۆم هێواش بە گوێچکەمدا دەچرپێنێ:

ـ ئارەق، ویسکی، فیلمی سوپێر، مەواد بە ئەنواعیەوە. . .

نازانم یانی چی؟ کۆپین، فۆکۆ، ویسکی، مەواد بـە ئەنواعیـەوە, مێشکم وەختە بتەقێ. ئێرە کوێیە؟

به یەکەم کەس کە دەگەم دەڵێم: تکایە پێم بڵێ ئێرە کوێیە؟
. . . پێدەکەنێو دەڕوا. . . لە یەکیتر دەڵێ: برِۆ خاڵە بۆخۆت شێتی. ـ من، . . . من شێتم کە نازانم ئێرە کوێیە؟

دیسان لاقم وەڕێ کەوتوونەتەوەو دەڕۆن، بریا بەم زانیبایە بۆ کوێم دەبەن. تەنیا دەزانم تارماییەکان بە بەرچاوم دادێن. چاو. . . چ.ا.و، من چاویشم هەیە. ولات ئێستا سپیو رەشە, تەواو.

دیسان لە شوێنێکی دیکەم. زۆر بە بێدەنگی بە لای چەند تارماییەك دا دەڕۆم.

یەکێکیان دەڵێ: تۆش لە کار دەگەڕێی؟ سەرێك بادەدەم. دەڵێ: ــ وەرە دانیشە. دەزانم ماندووی لە خۆوە خۆت ماندوو مەکە، کارت وەگیر ناکەوێ، وەرە لە پەنام دانیشە.

ـ دادەنیشم. دەڵێ خەڵکی کوێی؟ هێور دەڵێم: نازانم!؟

پێدەکەنن. ولات زیاتر دەبینم. ئێستا دەمو چاویان بە حاڵ لێك جیا دەکەمەوە. ددانەکانیان وەدیار کەوتوون. یەکێکیان دەڵێ نەتگوت خەڵکی کوێی؟ دەڵێم خەڵکی ئەو بەری مێژووم.

قاقا پێدەکەنن، یەکێکیان دەڵێ: ـ شێتە.

بەڵام دیسان چاوم زیاتر دەبینێ. ئێستا, چاوم گەرم داهاتوەو لە پڕدا گۆپکە دەکاو دێتە دەرێ. ئەوانەی لەپەنام دانیشتوون، هەموو زراویان دەچێ. بۆ؟ چ بوو؟ هەر لەبەر ئەوەی کە چاوم دەبینێ؟ چاوم دەبینێ. هەڵدەستم بڕۆم. تەکان دەدەمە خۆ، بەڵام لاقم لەدووم نایەن. بڕستیان لێ براوە. چاویان لێ دەکەم.

لاقم تلیساونەتەوەو خەریکە دەچۆڕێنەوە بن ئەرزیەوە. متمانەم بە چاوم نەماوە، بەڵام جار بەجار زیاتر رۆدەچم. چاوم وڵات دەبینێ. بەڵام تا نێوقەدم لە ئەرزی دایە. لە ناکاو رۆچوون رادەوەستێ. چ قەوما؟ چاو بە دەوروبەرمدا دەگێڕم. تاو تینم بۆ دێنێ. گەرما تەنگی پێهەڵچنیوم. مێشکم هەڵدەچێو بە چاوو بە گوێچکەم دا دێتە خوارێ. لە ناکاو لەسەرخۆ دەچم (وڵات سپی پۆشە. لەگەڵ کچێکی جوانکیلە دەستمان لە دەستی یەك ناوەو چاومان لە چاوی یەك. . . بە سەرمدا گوڵ دەبارێ، خەڵك دێنو پیرۆزبایی. . . دە پیرۆز بێ زەماوەندت، من دەژیم. من ژیان دەکەم).

بەلام کوتوپڕ، نەڕەنەڕ ساز دەبێ، چاو هەڵدێنم. خەڵکێکی زۆر ئاپۆڕەیان داوم. یەکێکیان دارێکی بە دەستەوەیە. بە دارەکەی دوو، سێ دارم لێدەدا.

هاوارم کرد: وامەکە، خەڵکینە مەیەڵن وابکا.

دەنگم گۆڕا بوو. زۆر سەیر بوو. دەتگوت گورگم دەلوورێنم، خۆم سڵە لە دەنگی خۆم دەکەم.

خەڵکیش بە بیستنی کشانەوە. یەکێکیان گوتی: ـ چاو لێکەن، لەشی هەموو دەکولێ. یەکێ تر نەڕاندی: ـ کرم لێی داوە. کرمۆڵ بووە.

چاوێکم بە خۆم داگێڕا. ئازای گیانم کرمی لێدەهاتە دەر. هەموو بێزیان هەستا بوو. یەکێکیان گوتی ئەوە نەخۆشیە. یەکی دی: ـ تاعوونە, یەکی دی: با بەردەبارانی کەینو پاشان بینێژین.

یەکی دی گوتی: نا تەنیا چارەی سووتانە، دەنا هەموومان دەی گرینەوە.

هەموو دوور کەوتنەوە. کە ئاوریان دام. کرمەکان هەموو مردن. ماکەکانی گیانم دیسان پێکەوە نووسانەوەو مێشکم خزایەوە کاسەی سەرم. بەلام کەس بەوەی نەزانی. دەنگ، دەنگ. گوێم لێیە. . . بەڵام نازانم دەنگی چیە؟ کەنیسەیە یان دەنگی. . . ؟ لەمێژە دەیبیسم. بەڵام قەت نەم زانیوە دەنگی چیە؟ ئەورۆ رۆژی لە دایك بوونێکی ترمە یانی وا هەست دەکەم.

## له خەونێكی خەوتووی خەودا

بەیانی كە لە خەو هەستام هێواش پەتووەكەم لە سەر سەرم لابرد. باوكم رادیۆكەی بە گوێچكەوە نابوو، سەریشی بە سەر دا شۆڕ كردبۆوە. دایكیشم خەریكی كارو باری نانی بەیانی بوو. كاكم رۆژنامەیەكی بەیانیی لە سەر ڕان دانابوو، بە وردی دەیخوێندەوە. حەلیمیش كتێبێكی دەرسی بە دەستەوە بوو، ناسر لە پەنامەوە خەوتبوو و تاهیریش لە سەر كار بوو.

هێواش دەستم كرد بە چاو هەڵگلۆفین. رۆژێكی ئاساییو تێكراری هەر وەك دوێنێو پێرێو بەسر پێرێو... بە زۆری لە پەتووەكە جوێ بوومەوەو هەستام.

دەمو چاوم شتو لە سەر سفرە دانیشتم. دایكم پەنیر و چای شیرینی بۆ دانابن.

باوكم گوتی: ئاخ... پەنیر، ئیدی تا ئێوارە خەومان دێ. پاشان باوێشكێكیشیدا.

ورد ورد نانەکەم دەجوو وەك بنێشت. کاکم زوو نانی خواردو کشاوە. پاشان باوکمو دوایەش هەموومان. کەواو پاتۆلەکەم لەبەر کردو دانیشتم. هەموو پێکەنین: جومعەیە. دایکم سوور هەڵگەرابوو. وەك تینووی خەو بێ. کاکم رۆژنامەکەی هێور لە دەستی بەربۆوەو خەوت، باوکیشم هەروا.

دایکم گوتی: بچۆ دەرگای حەوشە داخە با کەس نەیە. کە هاتمەوە هەموو خەوتبوون رۆژێکی تەماوی‌و خەماوی‌و خەواوی.

منیش لە پەنا دایکم ڕاکشامو چوومە فکرەوە ـ چی بکەم؟ بێکاری‌و . . . گوتم با بخەوم باشترە ـ بە تایبەت کە جومعەیە. پێڵووی چاوم وردە وردە قورس دەبوون‌و دەکەوتنە سەر یەك.

* * *

کە چاوم هەڵێنا نازانم چەندە خەوتبووین بەڵام، سەرم قورس ببوو، دەستێکم بە ردێنمدا هێنا. ریشێکی زۆرم بوو. باوکم سەری سپی ببوو، دایکیشم مستێك ددانی سپی . . . وەك کلوە بەفر لە پەنای کەوتبوو.

دیسان خەو دایگرتم ـ خەو زاڵمە ـ چوومە خەوەوە، لە خەونمدا، بەیانی بوو. هێواش پەتووەکەم لە سەر سەرم لاداو چاوێکم لە دەرێ کرد. باوکم رادیۆکەی بە گوێچکەوە نابوو، سەریشی بە سەردا شۆر کردبۆوە. دایکیشم خەریکی کارو باری نانی بەیانی بوو، کاکم رۆژنامەیەکی بەیانیی لە سەر ڕان دانابوو بە

وردی دەیخوێندەوە، حەلیمیش کتێبێکی دەرسیی بە دەستەوە بوو، ناسر لە پەنامەوە خەوتبوو، تاهیریش لە سەر کار بوو.

هێواش دەستم کرد بە چاو هەڵگلۆفین. ڕۆژێکی ئاسایی‌و تیکراری، هەر وەك دوێنێ‌و پێرێ‌و بەسر پێرێ. . . بە زۆر لە پەتووەکە جۆێ بوومەوەو هەستام.

مێشێك وازی لێ نەدێنام. وەخەبەر هاتم. باوکم لە مێژ بوو مرد بوو. ئێسك‌و گوشتی رزی بوو. هێواش هەڵ دەوەری ، دایکیشم هەر وا. ئەوانی دیکەش هەموو سەریان سپی ببوو. بۆ خۆشم فرمێسك لە چاومدا قەتیس ببوو. هاوارێك لە دەڕوونمدا پەنگی دەخواردەوە. بەڵام، خەو دەست بەردار نەبوو. هێق هێقی گریانم‌و باوێشك دانم تێکەڵ ببوون. ئەی رۆ... ئەی رۆ... ئا...ی ئائائا

چاوم هەڵ نەدەهات. ئەوە چ بەزمێکە بە سەرمان هاتوە. خەو بەرم نادا ـ خەوم دێـ دیسان خەوم لێ دەکەوێ.

خەو ـ خەوـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەوـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەوـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو ـ خەو

ماندوو بووم ماندوو، بەڵام چ بکەم خەوم دێ.

لە خەونمدا خەوتبووم بەڵام مێشێك لە کۆڵم نەدەبۆوە. وەخەبەر هاتم ـ بەڵام کە هەستام دیم باوکم لە مێژ بوو مردبووـ ئێسك‌و گۆشتی ڕزیبوو ـ هێواش هەڵدەوەری. دایکیشم هەر وا.

ئەوانی دیکەش هەموو سەریان سپی ببوو ـ بۆ خۆشم، فرمێسك لە چاومدا قەتیس ببوو. هاوارێك لە دەروونمدا پەنگی دەخواردەوە

بەڵام خەو دەست بەردار نەبوو. بە هێق هێقی گریانی خۆم وەخەبەر هاتم.

دایکم لە پشت سەرم دانیشتبوو. سەری دەڕنیەوەو دەگریا. پرسیم چ بووە؟ گوتی: لە خەودا قسەت دەکردو دەگریای.

قاقا پێکەنیم. هێندە پێکەنیم تا ئاو لە چاوم هات. دەستی دایکم گرتو چووین دەمو چاومان شت. پاشان لە سەر سفرە دانیشتین. دایکم پەنیرو چای شیرینی دانا. باوکم گوتی: ئاخ . . . پەنیر، ئیدی تا ئێوارە خەومان دێ پاشان باوێشکێکیشیدا.

هێدی هێدی نانەکەم دەجوو. کاکم زوو نانی خواردو کشاوە. پاشان باوکم و دوایەش هەموومان.

کەواو پانتۆلەکەم لەبەر کردو دانیشتم هەموو پێکەنین: جومعەیە. دایکم چاوی سوور هەڵگەرابوو ـ وەك تینووی خەو بێ.

کاکم هێور ڕۆژنامەکەی لە دەستی هەڵ خلیسکاو خەوی لێ کەوت. باوکیشم هەروا.

دایکم گوتی: بچۆ دەرگای حەوشە داخە با کەس نەیە. کە هاتمەوە هەموو خەوتبوون. ڕۆژێکی خەماوی و تەماوی‌و خەواوی. منیش لە پەنا دایکم ڕاکشاموو چوومە فکرەوە. چی بکەم؟ بێکاری‌و...

بخەوم باشترە. بە تایبەت کە جومعەیە. پێڵووی چاوم قورس ببوون‌و کەوتنە سەر یەك. چوومە ناخی خەوێکی قورسی، قورسی قورس.

## شێته باران

له جامی پهنجهرهكهوه چاوت لێیهتی، نووكی پێنووسـهكهی لـه سهر كاغهزهكه دادهنێو دهنووسێ:

ئا. . . . وهك: ئازادی

ب. . . . وهك: باران

باران

باران

باران

ـ ئاسمان ههورێكی تاڵ دای بگرێو حهوتوویهك بـاران ببـارێ نم نم. گیـا دهبووژێتـهوهو كـانیی بـهرماڵان . . . ئـهرێ گوێـت لێیـه دهڵێم چی؟

سهری وهرسووڕاندو چاوێكی له ئاوێنهكه كرد.

قاپی ئاوێنهكه بهرینتر له جاران، هێنده بهرین كـه: سـوارێك بـه تارایهكی سوورهوه، ئاوزینگ لێ بداو له ههورازهكان وهسهركهوێو

بەرزو بەرزو . . . بەرزتر بفڕێ تا دەبێتــە دڵۆپێكو بەســەر ڕۆحــی ئاوێنەكەدا بخلیسكێتە خوارێ.

- ئەرێ كوڕەكە لە كەنگێوە باران نەباریوە؟

- دوو ساڵی رەبەقە پریشكەشی نەكردوە

دەڵێ: دوو ساڵ . . . دوو ساڵ . . . دوو . . .

وەك پێی خۆش بێ هەروا بڵێتەوە: دوو ساڵ . . . دوو ساڵ

- باشە تۆ بڵێی ئێستە باران لە كوێ بێ؟ بلێـی تـەرزە لـە كـوێ ببارێ؟

- ئەرێ بۆ لە كۆڵ نابییەوە، نازانم نا.

لــە پەنجەرەكــە دوور دەكەوێتــەوەو لەســەر بــەڕە كۆنەكــە دادەنیشێو چاو دەبڕێتە لەرینەوەی قورمەكانی بن میچ.

تۆش نازانی،

ئەویش نازانێ.

ئێمـە نـازانین. ئێمـە نـازانین بـاران بـۆ نابـارێ؟ تـەرزە كـەنگێ دەبارێ؟

كچەكەمان لە كوێیە؟ زیندووە - ماوە - نا ئێمە نازانینو . . . .

فرمێسك لە چاوتدا قەتیس دەبێ. هەست دەكەی یەكێ گەرووت دەگوشــێ، تفـت بـۆ قـووت نـادرێ، وەك ئـەو رۆژەت لێ هـاتوە - چـوویەكانی ئـاو بێنــی. بـەڵام لـەوێ خـاوەنی كانیـت دی لیباسـە ســـپیەكەی داكەنـــدبوو دەی فرۆشـــت. منـــداڵان لـــە دەوری

کۆببوونەوەو تفیان پێدا دەکرد. گیانی لە تفدا خووسابوو: "بووکە بارانە ئاوی دەوێ،  نانی دەوێ ـ دەرزیی گەورە کچانی دەوێ"

رادەچڵەکی!

سەرت لێ شێواوە تۆ لە کوێی؟ ئەورۆیە یان دوێنێ؟ یان داهاتوویەکی نەهاتوو؟

گۆزە فڕێ دەدەی ـ بەرەو شاخ هەڵدێی، تۆ مەجنوون نی، تۆ لەیلیش نی ـ تۆ،  تۆی.

گەرووت وشك بووە، وەختە کوێراییت دایە. توونیتە. بەڵام تۆ، زۆر لەوانە . . . زۆر  لەو قسانە زیاتری، زیاتر. دەکەوی، لاقت لە ئەرزی دەژەنی . . . کانیاوێك لە پێش چاوت دەتۆقێو ئاوێکی روون روون لەبەر پێتدا دەکەوێتە رێ.

دەستی بۆ دەبەی، وادەزانی تراویلکەیەو تەواو دەبێ، دەستی بۆ دەبەی. دەستت پڕ دەبێ لە تیشکێکی زەردو سوور ـ چاوت وەك ئەڵماس دەبریسکێتەوە ـ توند توند فرێی دەدەی بۆ حەواو بەسەرتا دادەبارێ، رادەچڵەکێی

یەکێ دەڵێ کچم ئەمری خودایە. پشوو درێژبە، کار لە پیاوان دەقەومێ.

نازانێ دەڵێ چی. ئەو خەڵکە دەڵێن چی؟ باران نابارێ؟

رووت تێ دەکا.

ـ بەس بگری، هەر تۆ شێت بووی. باران رۆیی ـ مرد، باران مرد.

دەقیژێنێ: بارانم رۆ. . . بارانم رۆ. . . .

یەکێ پێت دەڵێ: پووره باران، یەکیتر: شێتە باران، یەکیکە..
گوێ نادەیە خەڵکی. زمانی خەڵکی کوا بە تۆ دەبەستریێ، تۆ بەس ئەو ڕۆژانە بەدەماخی کە وڵات هەورە ـ ئاسمان کپە.

لە کۆڵانان دەسووڕێیەوە. کەوچکێ باران بە نانێک دەگۆڕییەوە.

خەڵکی باشن، جا بەس نیە نالێن دەبێ هەر ئێستە کەوچکە بارانەکەمان دەیەی دەنا تۆ چیت کردبایە.

خەڵکی بارانیان خۆش دەوێ ـ باران، بارانیش خەڵکی خۆش دەوێ. باران

مندالان پووره بارانیان خۆش دەوێ. هەموو جارێ کۆیان دەکاتەوە قسەیان بۆ بکات، بەلام جوانتر لە وشەی باران بلێ چی. دەڵێ باران هەموو لە گەڵی دەڵێن باران ـ باران.

وەخۆدێیەوە.

دەزانی خەڵکی پێت دەڵێن پووره باران. دەزانی خەڵك بە شێتت دەزانن بەلام گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە تۆ شێت نی، ئەویندارى. هەنگاوێك لە پێش خەڵکی ـ مەلای ئاواییشتان لەگەڵە ـ نوێژ، باران.

ئەوان بەرەو دەشتو تۆ بەرەو قەبرستان.

ئەوان نوێژ دادەبەستنو تۆ بەرد کۆدەکەیەوە، ئەوان نوێژ دەکەنو تۆ بووکە بەردینەیەك ساز دەکەی.

خەڵكی تۆیان خـۆش دەوێ ـ بـارانی كچیشـتیان خـۆش دەوێ.
دەزانن لەبەر ئەوان مرد ـ دەزانن باران چوو باران بێنـێ.

پاش نوێژ، باران دێن بۆ لات. هەر بـەردێك و نانێـك ـ بـە قـەراری ئەو رۆژەی برسیت بوو پێیان دەفرۆشی.

خەڵك پیاوی چاكن. ئەوان لە بەر باران وركە بەرد دەكڕن.

مامۆستا قسە دەكا.

باسی گەورەیی خـودا دەكـات باسـی تـۆش دەكـا. دەڵـێ خـودا شێتی خۆش دەوێ ـ دەڵی خودا دڵی شێت ناشكێنێ.

خەڵك وردە وردە بڵاوەی دەكەن. تۆ ماوی‌و گڵگۆی باران. سەر دەخەیە سەر رانی‌و چاو لە ئاسمان دەكەی، هەورەكان وەك قـەتار بەدوای یەك دا دێن‌و دەچـن. هـەوری پەمـەیی‌و سـپی‌و جـوان وەك لۆكە. پێت خۆشە قەپاڵێك هـەور بخـۆی. چـاوت گـەرم داهـاتووەو پێڵووی چاوت قـورس بـوون ـ وڵات تـا . . . ریكـەو تـۆ دەخـەوی. خەوێكی پڕ لە باران.

كچێكی جـوان خـاس بـە تارایـەكی سـپییەوە لـە سـەر ئەسـپێك ركێـف لێ دەداو بـە ئاوێنەكـەدا وەسـەردەكەوێ‌و دێتـە دەرەوەو بـەرەو قـووڵایی ئاسمـان هـەڵدەزەنێ بـەڵام ئـەو جـار دەڕوا . . . دەڕوا تا ئاوێتەی هەورەكان دەبێ.

هەورەكان بە دیتنی سیاچەمەری بۆ گێڕان‌و فرمێسكیان بەسـەر دونـدی چـیادا بارانـدو بووكیـان پـێ زێرەوشـان كـرد. گـوێ هەڵدەخەی منداڵان لە كۆڵانەكانی دێ دەقیژێنن:

باران دەبارێ، ئەرزی دەشۆرێ

زوڵم ون دەکا، زاڵم دەتۆرێ.

تــۆ هەســت دەکــەی هێــدی هێــدی دەخووســێیو هێــور هێــور دەتوێیەوە.

پێنووســەکە دادەنــێو فرمێســکە قــەتیس بووەکــەی چــاوی دەسڕێو هەڵ دەستیو چاو لە پەنجەرەکە دەکا.

پێشمەرگە بەڕیز قەتارەیان بەستووەو بەرەو چیا هەنگاو دەنێن

پەنجەرەکە دەکاتەوەو پڕ بە گەرووی دەنەڕێنێ،

بژی باران.

هەموو دەستی بۆ رادەوەشێنن. ئەو دەزانــێ پێشـمەرگە بـارانی خۆش دەوێ.

## شەممەیە

شەمەیە. خۆزەگە شەمە نەبایە... هەڵدەستمە سەرپێو لە پەنجەرەکە نزیك دەبمەوە. پەردە سپیەکە لادەدەم. شووشەکە هەڵمی کردووە. بە لەپی دەستم جەغزێك لە هەڵمەکە دەسڕمەوەو شەقامەکەم لێ وەدیار دەکەوێ. کڕێوە دەکاتو ئەرز پۆشە. سەرم دەخەمە نێوان دەستەکانمو تاڵە قژەکانم بە پەنجەم دادێنم.

دێمەوە سەر جێگاکەمو چاوێك لە کاغەزەکەی بەر دەمم دەکەم. خورپەیەك لە دڵم دا وەستاوە. دەنگی دوو منداڵ لە کۆڵانەوە دێ. بە قیژەقیژ پێکەوە کایە دەکەن. وشە ئینگلیزیەکان لەت لەت دەگەنە گوێم.

بەفرەکە خرمە خرم لەژێر لاقیان دا رۆ دەچێو چوار جێگا لاق لە پاشیان بەجێ دەمێنێ.

کاغەزەکە گرمۆڵە دەکەمو فڕێی دەدەمە نێو سەتڵی زبڵەکـەوە. جگەرەیەك دادەگیرسێنمو دووکەڵەکەی تا قووڵایی جەستەم بـەڕێ دەکەم.

تووتنو کاغەزی جگەرەکە هێور دەسووتێو سووتووەکەی درێـژ دەبێتـــەوە. بـــە قـــامکی شـــادە قوونچـــکەکەی هەڵدەتـــەکێنم. سووتووەکەی دەڕژێتە سەر مافوورەکە.

خۆم دەخزێنمە نێو کاناپەکەوە. سەرم لەسەر دەستم دادەنێمو چاوم دەقووچێنم. هەموو شـەمەیەك جیرانـی بەرامبـەرم کـە پـیرە پیاوێکـە رێـك سـەعات 9 ئـاڵای نۆروێـژ هەڵـدەکاتو نیـو سـەعات بەرێزەوە لە پەنای رادەوەستێ. پاشان سڵاو لە جیرانـی تەنیشـت راستی خۆی دەکات کە بێوەژنێکی گەڕاوەی دانمارکیەو بـەرێزەوە لە پەنا ئاڵای دانمارك وەستاوە.

هەموو شەمەیەك. هەموو شەمەیەك.

ئەو رۆژە لە پشت خەتی تەلەفوونەکە گـوتم: لێـرە کـەس کـاری بە کەس نیە. بمری کەس لێت ناپرسێ.

گوتی: ـ خۆزگەم بـە خـۆت ئـەمن لـە چـنگ دەسـت تێـوەردانو قووتـــەقووتی خـــزمو جـــیران شـــێت بـــووم. ئێـــواران کـــە دێمـــەوە ئەگەرکوو چوار عەلاگەم پێ بێ بـە دزە دزە بـە کۆڵانەکـەدا بـڕۆم، چوونکە لە پڕ پیرێژنێکی فزوول بێ سێو دوو دەڵێ: خێرە شـکور، وادیـارە میوانتـان دێ ئـەو هـەمووە شـتەت کڕیـووە. مـن وڵامـم نەداوەتەوە دەڵێ...

گوتم: بەسە. منیش لەویَ ژیاوم. دەزانم دەڵێی چی.

گوتی: لەبەر خۆت دەڵێم، دەڵێم با بزانی چەندە ئاسوودەی.

ناوێرم بڵێم: ـ ئاخە منیش بە تەنیام.

دەڵێم: ـ دەی پووڵت زۆر نەچیَ. دەڵیَ: مووزاحیمم؟

دەڵێم: ـ نا بڕوا کە، بۆ خراپی لێك دەدەیەوە. پاشان گوتم: ـ شتێکم پێویستە بە ئیمەیل بۆتی دەنووسم بۆم بنێرە، لەسەر تەلەفوون ناگوترێ.

ورتەیەك دەکاتو دەڵیَ: ـ چۆن راحەتی وابکە خودا حافیز.

دەستم بۆ قەڵەم ناچیَ. هەموو جاریَ یان قەڵەمەکە دەشکێنم یان کاغەزەکە کون دەکەم خەریکە لەبیرم دەچێتەوە شاعیرم.

سی رۆژە بە تەمام بۆی بنووسم: ـ ئاڵایەکم بۆ بنێرە. بەڵام لە رووم هەڵنایە تایپی بکەم. دەنگی کلیلەکانی کیبۆردەکە وەخۆم دێنێتەوە. نووسیومە: ئاڵایەکم بۆ بنێرە. دەی چی دیکە؟ هیچی دیکە. منیش دەمهەویَ هەموو شەمەیەك سەعات 9 تا 9/5 ئاڵایەکم لە حەساریَدا بشەکێتەوەو بە ریزەوە لە پەنای راوەستمو سڵاو لە جیرانەکانم بکەم.

دێمەوە بەر پەنجەرەکە. کابرا نۆروێژیەکە خەریکە بە وەروەرەیەك بەفری حەوشەکەی کۆ دەکاتەوە. دەمو چاوی لە ئارەقە هەڵکشاوە. پەنجەرەکە دەکەمەوەو دەستێکی بۆ رادەوەشێنم، بەڵام ئەو وا چۆتە ناخی کارەکەیەوە ئاگای لیَ نیە. پەنجەرەکە دادەخەمەوە جەغزی هەڵمی پەنجەرەکە تێك چووەو

چەند دڵۆپە ئاوێك بەرەو خوارێ ڕێچکەیان بەستووەو شووشەکە سی هێڵی تێکەوتوە.

ئێمەلەکە سێند دەکەمو چاوەڕێ دەمێنمەوە. وێنەی نامەکەم باڵ دەگرێو لەسەر نێوی نامەکە دەنووسێ گەیشت. لە ئێمەیلەکەم دێمە دەرێو دەچمە نێو سایتەکانەوە، xnxx، نا قێزم لە حەزە کۆنەکانی خۆم دێتەوە. تەکتاز لێ دەدەمو خەریکی خوێندنەوەی هەواڵەکانی دەبم.

ماوەیەکە... نازانم کات لای من مانای نەماوە، لەوانەیە سێ حەوتوو بێ ناچمە سەرکار. دادەنیشمو لە ماڵێ جگەرە دەکێشم. زۆر کەس پێی وایە ئەو ماڵە کەسی تێدا نیە. تەنیا بەیانیان کە پۆستچی ڕۆژنامەم بۆ دێنێو منیش بە جلی نووستنەوە دەچمو ڕۆژنامەکان دێنمەوە ژوورێ لەوانەیە ئەگەر کەسێك حەزی لە دیتنم بێ بم بینێ، بەڵام کەس تا ئێستا نەهاتووە بڵێ بۆ دیار نی.

سێ ڕۆژە پاکەتێکی گەورەم بۆ هاتووە. دەزانم ئاڵاکەیە بەڵام تەنانەت تاقەتی کردنەوەی پاکەتەکەشم نیە. ئاڵایەکی بێوڵات. حەزێکی کاتی بوو.

ئێستا کە پاکەتەکە لەسەر میزی کارەکەم دەبینمو شەممانە ئەو پیرەپیاو و بێوەژنە دەبینم، وەبیرم دێتەوە منیش ئەو ڕۆژە حەزم لێ بوو ئاڵاکەم هەڵکەم بەڵام ئێستا، نا.

تەنانەت ئەو ڕۆژە قوڵپی گریانێك لە گەرووم دا موونجی دەخواردەوە بەڵام...

له دوا ئێمەیل دا بـوو نووسـی سـپاس لـه هاوکاریـت. ئالاّکـه بـه دەسـتم گەیشـتو ئێسـتا شـەممانە منـیش لـه پـەنا ئالاّکـەمان رادەوەوستمو سروود دەوخوێنمەوە. دەزانم ئێستا ئـەویش فشـەی بەو قسانە دێو له دلّی خۆیدا دەلّێ: له هەندەران هێنـده خۆشـی رادەبوێرن چەمکه نەتەوەییـەکانیش بۆتـه بەشـێك لـه رابواردنیـان پاشان لەوانەیە بلّێ: قەحبەباب.

کـەیفی خۆیـەتی. مـن پاداشـی ئـەو کـارەی ئەگـەر دەرفـەتێك رەخسا 100 دۆلاری بۆ دەنێرمەوە.

## جەستە

سەری شووشەکە هەڵ دەپچڕمو دەڵێم: دەمم لــێنەداوە, بڕێـك بخۆوە, بە نـازەوە دەڵـێ نـاخۆم. دەڵـێم قومێـك. وەری دەگـرێو بڕێك دەخواتەوە, بە تامەزرۆییەوە دەم دەخەمە جێدەمیو بینــی پێوە دەنێمو تا دوا قوم ڕۆی دەهێڵمـە خـوارێ. وا هەسـت دەکـەم مـارێکی ئـاگرین خوشـایە دەروونمـەوەو تـا خـوارێ دەسـووتێنێ. چاوەکانم لە رەشەوە دێنو وێنەکەی جاربەجار لێڵتر دەبێ تـا وای لـێ دێ خەریکە بـزر بـێ. دەسـتی بـۆ دەکێشـم بـەڵام دەسـتم لـە بۆشـایی دا بــە بــەتاڵی دەگەڕێتــەوە, دەسـت دەخەمــە گیرفـانمو ئاوێنە چکۆلەکەم دەردێنم. ردێنم بستێکو قژێکی ئالۆزکاو. دوایین شێعریشم هـەر پێشـکەش بـەو کـرد بـەڵام قـەتی رەنگـی چـاپ بـە خۆیەوە نەدی.

"دەریا، دەریا

بە جێم دێڵن شەپۆلەکان

له شەوە زەنگی ناخم داو . . . ".

مژێکی سەیر هۆدەکەمی داگرتوە. هۆدەکەی منیش بەشێکە لە سروشت. ولأت مژاوییە، پۆل، پۆل خەلك دەرژێنە شەقامو دژ بە مژ دروشم دەدەن، بژی ئاسمانی بێگەرد، بەشدار نەبووم . . . .57

یانی هێندە منداڵ بووم وەبیرم نایە، نا، ئەو كات هێشتا لەدایك نەببووم هیچ وێنەیەكم لەو رێپێوانە نیە، بەلأم هەروەكوو رێپێوانەكەی خۆمان بووە, رژاینە شەقامەكان دەمان نەڕاند ئاپۆ، ئاپۆ . . . مەرگو نەمان بۆ ئیسرائیل، پاسدارەكان لە خۆشیان هەر بزەبزەیان بوو, لە پڕ كردمانە "بژی كورد" دوایەش "مەرگو نەمان بۆ رێژیم". شار شێوا, دەستڕێژەكان دەستیان پێكرد، جۆگەلە خوێنەكان وەڕێ خران. ئەو دەم تازە پێم وابوو شاعیرم، هەموو رۆژێ دەفتەرەكەم دادەناو چاوەڕوان لە پەنای هەڵ دەترووشكام، دەمزانی شێعرێكم پێیە كە هێشتا لە دایك نەبووە, یەك وشەشم نەدەنووسیو پاشان هەڵ دەستامو بەجێم دەهێشت، خەیاڵەكان دەڕەوینەوە وەك بلێی هەورەو ئاسمان دادەگرێ، لە پاركی شار دادەنیشتین. یەكمان نووسەرو یەكمان شاعیرو یەكێكمان رەخنەگر.

نووسەر دەیگوت: بە بڕوای من هیچ چەشنە ئەركێكی دەستنیشان كراو بۆ نووسەری ئەوڕۆ لەگۆڕێ دا نیە. نەم دەزانی دەڵێ چی، عەینەكە بەیزییەكانم بە قامكێك دەهێناوە سەرەوەی

کەپۆمو زەق زەق چاوم لە جووڵەی لێوەکانی دەبڕیو ئەو درێژەی بە قسەکانی دەداو دەی گوت: لەو رۆمـان دا ناگونجـێ قەڵەمـەکان لــە عەنتیکەخانــەکانی مێــژوودا قارەمــان داتاشــنو دڵیــان بــە بیرەوەرییـە کۆنـە پڕشـکۆکانی نەتەوەکـەمان خـۆش بکـەن. سـەر وەردەگێـڕمو چـاو لـە دەوروبـەرم دەکـەم. دەزانم شـار شـێواوەو لەوانـە دەگـەڕێن کـە "منـافق"ن. وەك دوا ماڵئـاوایی لـەو کـۆڕەدا بەشدارم کەس نازانێ.

دەبێ شار بەجێ بێڵمو روو بکەمە شاخ. مانەوەم بۆنیە. شـاعیر دەڵـێ: خەونـەکانی شـاعیرانی بـەرەی نـوێ نابـێ لەبـەر درەنـگ تێگەیشـتنی خـەڵك کـاڵ بێتـەوە. بـا شـێعرەکانمان لـە جـەغزی تــەماویی فرەمانــاییش دا بمێننــەوە, تــا کــەی پــارووی جــووراو تەحویلی خەڵك بدەین؟

چـاوێك لـە کاتژمێرەکـەم دەکـەم، خـەوتوە. لـەوەی پەنامـەوە دەپرسم ئەرێ کاتژمێر چەندە دەڵێ: لێرە مێژوو مانای نیـە. هـەڵ دەستمو لێیان دوور دەکەومەوە. گوێم لـێیە نووسەر دەڵێ: دەبـێ زمانەکـەمان لــە داســەپاوەکانی زمــانی سیاســەتمەدارەکان پــاك بکەینەوەو بەرەو زمانی ئاکادمیکیی نوێی بکێشین.

هەســت دەکــەم دەبــێ تــا دەتــوانم زووتــر دوور کەومــەوە. ئاغابانووەکە لە ملم دەهاڵێنمو هەوڵ دەدەم بە زووترین کات خـۆم دەربـازم کـەم. ئاوێنەکـە هـەروا بـە دەستمەوەیەو چـاو لـە خـۆم دەکـەم. قەڵافـەتم زۆر گـۆڕاوە، چـەك لـە شـانو بەسـەر تیرەگـی

گردێکـەوە نیگابـان. کزەبایـەکی سـاردی دێو مووچڕك بـە لەشـم دادێنێ، ویشکە سـەرمایەو کـار لـە ئێسـك دەکـا. لـەو تاریکییـە دا هەوڵ دەدەم تا دەتوانم چاوەکانم زیاتر زەق بکەمەوەو بچووکترین جووڵە بخەمە ژێر چاوەدێری. پێش دوامالّئـاوایی دایکـم دەیگـووت رۆڵە تۆخودا ئاگات لەخۆت بێو زووزوو "ایـە الکرسـی"بخوێنـەوەو فوویەك لە خۆت بکە. قورئان خوێنێکی بـاش دەرنەچـووم, هـەموو رۆژێ فەقێیەکی لاو لە مزگەوت لە دەوری خۆی کۆی دەکردینەوەو دەینەڕاند "بێ ژێر بی، سین زەنە بیس، میم ژێر مـی، ئـەلف سـەر ئا، لام سەر لا، بیسمیللا".

قورسـایی دەراغـەکان لـە نێـو قـەدم دا هەسـت پێدەکـەم. تەمومژەکە هەروا وڵاتی داگرتوەو ئـەمنو شـارو شـاخی لـەباوەش گرتـوە. دووکـەڵێکی شـین لـە ئاسمانـەو مژەکـەی قـووڵتر کـردوە. دەست درێژ دەکـەمو بـە قامـك حـەول دەدەم بێشـێوێنم، پاشـان بنووسم 1988, بەڵام دەستم نایگاتـێو قامکـەکانم لـە بۆشـاییدا دەکەمـــە مســـتو هێـــواش دەســـتم بەردەدەمـــەوە خـــوارێ. هەڵتروشکاومو چەکەکەم لەنێو لاقم دا راگرتوەو ئاوێنەکەم لەسەر بەردێك داناوەو بە بەردێکی دیکە ورد وردی دەکەمو دەیکەمە نێـو لەپی دەستمو بە دەمو چاوی تاریکی دا دەپرژێنم. بـۆ سـاتێك لـە ئاسمـان ئەسـتێرە بـاری. نـازانم چ دەکـەم بـەڵام دەزانم منـیش بەشێکم لە مێژوو. چوار رۆژ بۆ زستانو سیو شەش رۆژ بۆ بەهارە لـە دەوری عـەزیز خـان کـۆ دەبینـەوەو بڕیـار دەدەیـن بچـین دوا

قســـەکانمان بـــۆ ســـەرۆکی شـــارەوانیی مـــەهاباد بکـــەین. منـــیش لەگەڵیانم، دەستەکانم مستن و بە هەر مستێك نێودەمی سـەربازێك پرپدەکەم لە خوێن. منیش مێژووم یان کوو ئێستام و چاوم لە دوا لەنجـــەکانی فیســـتیڤاڵی هەڵپـــەڕکێی کوردیـــەو دیمەنـــەکان دەقۆزمـەوە، کیـژێکی کـراس سـوور سەرچـۆپییەو کچێکی کـراس زەردیش بۆتە خۆری ئاڵاکەو بە لەرەی مەمکەکانی هێنـدەی دیکـە جوانی دەبەخشێتە شنەی ئاڵای کوردستان.

## وێران شار

بەخۆشــم پــێم وانیــە، بیســتبێتم. بــیرەوەری زینــدوو هەیــە. ئێستاش دەژی. بەیانی کە وەك جاران رێك سەعات 8 چوومە سەرکار وەك جاران هاوکارەکانم هەر لە جێی خۆیان بوونو رۆژێك بوو وەك رۆژانی دیکە.

سەعات 9. دەبوایە تا مستەراح چووبایەم. دەرگاکەم کە کردەوە بۆنی خوێن ولاتی پڕ کرد، لە کاسەکەدا کەللەسەرێکی خوێناوی دانرابوو، خشت بڕیبوویانو دەستو سنگو زگ... لەولاوە لاقەکانیشیان بەجیا رێك لێ کردبۆوەو هەر لاقەی لە قولینچکێك کەتبوو. وەك ئەوە وابوو برق گرتبێتمی. ویستم بێکەمە هاوار، هاوارو خەڵك ئاگادار کەم بەڵام لەپڕ بە مێشکم داهات بۆ من؟ بە دڵنیاییەوە پێش منیش دیبوویانو بێدەنگ بە لایدا رۆیشتبوون. من چ کارم پێی داوە. دوایە دەڵێن تۆ کوشتووتەو... دەستم دا پشتێنی کوژراوەکەو جێدەستم لەسەر

دەسـكی دەرگاكـە جـوان سـڕی‌و پاشـان ویسـتم پشـتێنەكەی دانێمـەوە بـەڵام... بـە دوو دڵیـەوە سـەیرم كـرد. زۆر جـوان بـوو. هێـواش لـە پشـتم هاڵانـدو هاتمـەوە ژووری كارەكـەم. وەك هـیچ نەبووبێ. دەرگاكەم كردەوە بۆوەوی بـزانم كـێ دوای مـنم دەچـێ. دەقەیەك، دوو دەقە... سێ... دە... بیست... سی.

كاك {ب} خۆی پێداكرد. چاوەڕوان مامـەوە. بـێدەنگ. پـاش دەقیقەیەك بـە كـەوای مردووەكـە دەسـكی دەرگاكـەی سـڕی‌و بـە پەلەپروزێ رۆیشتەوە ژووری خۆی‌و پـاش ئـەو كـاك {ر} و پاشـان كاك {پ} و پاشان {ت} و پاشان خوشكە {ف} و هەموویان.

سـەعات 11ی بـەیانی هـەموو دایرەكـە دەمـانزانی كەسـێك كوژراوەو لاشەكەی لە مستەراحەكەی ئێمە دایە بەڵام كەس وەسەر خۆی نەدێنا. سەعات 12 یەك یەك‌و دوو دوو بـە گێلـەگێل خۆیـان بە وەتاغەكان دا دەكردو لێك مۆڕ دەبوونـەوەو بـێدەنگ یـەكتریان بەجێ دەهێشت. سەعات 2ی پاش نیـوەڕۆ، وردە وردە كەلاكەكـە بـۆنی دەهـاتو بۆنەكـەی هۆدەكـانی داگرتبـوو، هەركەسـەی پەنجەرەی هۆدەكەی خۆی كردبۆوەو بێ ئەوەی هیچ بڵێ سـەریان داخستبوو و كاری خۆیان دەكردو جارجار سەرێكیان هەڵدێناو زوو سەریان دادەخستەوەو وەك ئەوەی نە بای هاتبێ نە بۆران.

سەعات 4 بە پەلە خوداحافیزیان كرد لە دایرە خۆیان هاویشـتە دەرێ‌و لە دەرێ چـاوەڕوانی پـاس بـوون زوو بـێ‌و لێـرە دووریـان خاتەوە. پێم نەكرا. پڕم دا سەعاتەكەو بە پـێلاقـە ورد وردم كـردو

لـه پـەنجەرەکەمـەوە بـەرەو شـەقام نەڕانـدم وەرن لێـرە کەسـێك کووژراوە.

هەموو بە هـەڵاتن هاتنـەوە سـەرێ. چـاوەکانیان زەق کـردو لـە مـنو لــە مردووەکـەیان نواریــو وەك شـتێکی سـەیر چـاویان لێ دەکـردین. وەك تاوانبــار. ژنــەکان دەسـتیان کـرد بــە گریــانو بوورانــەوە. بــە پەلــە پــۆلیسو نەخۆشــخانەو خــەڵك هــاتن. مردووەکـەیان بـردو ئەرزەکـەیان شـۆردەوە. کـەس نـەیزانی ئــەو کابرایە کێیە؟ بەڵام لە دادگا هەموویان یەك دەنگ بوون کـە نـەیان دیوە بەڵام دڵنیان بێجگە لە من کەسی دیکە ناتوانێ ئەو کابرایـەی کوشتبێ.

قەڵا

1382/3/21

## دار

ماندووی، لاقت له سـەر لاقـت دانـاوەو چـاوت بڕیوەتـە ئاسـۆی پەرتووکەکەت ... نا، نـازانی. سـەرت دێشـێ. دەسـتت بـۆ قەڵـەم دەبەیو ...

که گەیشتمێ مینـیبووسـەکه پـڕ ببـوو. دەرزیـت هەڵاویشـتبایه وەئەرزی نەدەکەوت. له سـەر چـوارپایەیەکی خـاڵی، بەرامبـەر بـه پیرێژنێك دانیشتم، گەرما جاربه جار زیاتر گوشـاری دێنـا. ئارەقـه زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەلاجانگمدا دەتکا.

ـ هـەرام کـرد: کـاکی شـوفیر بـۆ نـاڕۆی ... بـەڵام ... بـەڵام دەتگوت گوێی له دەنگـم نـەبوو. یـەکێ لـه پشـتەوه هـەرای کـرد: ئەرێ کاکه مردین بۆ ناڕۆی؟ شوفیرەکه به ناقایلیيەوه گـوتی: بـا ئەو چـوارپایەیەش پـڕ بـێ. ئـاوڕم داوه چـوارپایەی خـاڵیم نـەدی. پاش تاوێك وەرێ کەوت.

بەڵام...

دڵم گەرم داهاتوە. نازانم قارەمانی چیرۆکەکەم بۆ سواری ئەو مینیبووسە کردوە، ئەرێ چۆنە بینێرمە رێگای بورهان (*)و لەوێ وەری گەڕێنمو پاشان پرسەیەك بۆ قارەمانی چیرۆك. یان...

مینیبووسەکە باڵ بگرێو وەك بادەوەکەی منالّی بە سەر شاردا بسووڕێتەوە. نازانی نا. نازانی بۆ سوار بووی بۆ کوێ دەچی ... بۆچی دەچێ ... چۆن؟ نا. تەنیا دەزانی سوار بوویو سوار بوونت لە دابەزین پێباشترە.

سەرم دێشێ، ئەو پیرێژنەش هەر چاوم لێ دەکا. لە خۆوە خۆفی لێدەکەم. پڕ بە مێشکم دەقریشکێنم، ئەرێ کاکی نووسەر ئەوە کێیە؟!

ئاوا بڕواتە پێشێ من بەشداری ناکەم یانی چی؟ بۆ دەبێ قارەمانی چیرۆك لە رووداوەکە بێ خەبەر بێ.... (وازی لێناهێنم).

هەڵکێشێکی رەشی هەڵ کێشاوەو چارەکەیەکی سەوزی گوڵ سووری بە کۆڵەوەیە سەریشی وەك بەفری کوێستان، نا، چۆڕی شیر سپییە. تەلیسێکی بەنی پڕ لە قاپو دیزەو گۆزەی لە بن پێیە.

سەرم دادەخەم. سەرم هەڵدێنمەوە. دەستی وەك ژنێکی منداڵەبەر لە سەر سنگی کۆدەکاتەوەو رایدەژێنێ. پاشان فرمێسك لە چاویدا قەتیس دەبێ. دیسان دڵم رادەچڵەکێ، خودایە ئەو ژنە لە بیری چیدایە؟

لەناکاو ... تینێك لە چاویدا هەست پێ دەکەم. هێز دەگرێتو هەڵدەستێنە پێ.

ـ کاکە بە قوربانی دەستت بم لێرە رایگرە.

دەشتێکی قاقر. یانی چی؟ هەستێك هانم دەدا تۆش دابەزە.

دادەبەزمو دوورو نزیك بەدوویەوەم.

یانی چی. قەڵەمەکەی دادەنێو دەگری. چیرۆك لێم یاخییە.

قارەمانەکان لێم یاخی بوون.

بە تەپۆڵکێکدا هەڵدەگەڕێ. منیش بە دوویدا. وەسەر دەکەوێ. منیش بەدوویدا، لە پەنا گۆڕێك رادەوەستێ.

دەست دەباو پێمەڕەیەکی چکۆلە دەردێنێ. واقم وڕما. چ دەکا؟

خەیاڵم باڵ دەگرێو تا ئەوپەڕی خاك ... نا .. نازانم.

لە تەك هەر پێمەڕەیەك فرمێسك دەبارێنێ.

لاواندنەوەیەکی تێکەڵ بە گریان:

"رۆڵە جوانەمەرگەکەی بەهاری سوور ..."

بەردەپانەکانی لادەبا ... وردە وردە دیاردەی قەبرێك وەدیار دەکەوێ.

دار... دار... داربەڕوو ... نەمامێکە نێژراوە.

بە لقو پۆپو گەڵاکانیەوە. پیرێژن بە سەڵا دەگری. هەی رۆ...

هەی رۆ ... شەماڵم رۆ... نەمامم رۆ....

تەزوویەك بە پشتمدا دێ.

پیرێژن دەست دەبا دەری بێنێ. بەڵام نەمام جار بە جار ئەستوورتر دەبێو ریشە دادەکوتێ. متمانەم بە چاوم نەماوە. ئەو دارە ئەستوورە چۆن ...

ئەو قەبرە .. چۆن ... نا.

دڵم لە ژێڵڵا دێ‌و هێق هێق بە سەر چیرۆکەکەمدا دەڕشێمەوە.

هێندە دەڕشێمەوە تا ریخۆڵەم بە دەممدا دێتەدەر.

وڵات لەبەر چاوم روونـاکتر بـووە. هەسـت دەکـەم تینێـك لـە لەشـمدا دەگـەڕێ دیسـان سـەر هەڵدەدەمـەوەو دەبمـەوە دار ... دار... داربەڕوو.

باڵا بەرزو سەربەخۆ......

گێـژ بـووم. چـاوم تـا بسـتێك برِناكـا. قەڵەمەکـە لـە دەسـتم بەردەبێتەوە خوارێ. چی بکەم؟

چـۆنە دیسـان دارەکـە گـەورە بـێ‌و گـەورە بـێ. تـا دەبێتـە پیرەدارێـك‌و تـەواوی شـەهیدەکانی دونیـا لـە کەللـە سـەرە منـارە کراوەکانی تەیموورە شەلەوە تا لەشـە سـابوونکراوەکانی کـوورەی مرۆڤ سووتانی هیتلێر، تا کوردەکانی قارنێ‌و قەڵاتان‌و ... هـەموو کۆببنەوە دەستی یەك بگرن‌و بەدەوری‌دا، گەڕی هەڵپەڕکێ بگرن.

ئـاخ، هەسـت دەکـەم ریخۆڵـەم لـە دارەکـە دەهاڵـێ‌و دەری دەکێشـنە دەرێ. رەنگـە بۆخـۆم بم بوومەتـە لقێـك لـە دارە بەرووەکە. نازانم.

..........................

هێور دەڵێ: قارەمان کێ بوو.

"پەپوولەیەك بە باڵی سەوزو سوورەوە.

(*) گوندێك لە نێوان مەهاباد ـ بۆکان

## گرانی

دوو رۆژە زگی دێشێو هیچی نەخواردوە. لە ژووری لاتراسکەی بەستوەو چاوی قوچاندوە. لەپڕ هەرایان لێکرد: ــ وەرە ــ بۆکوێ؟ ـ وەرە.

وەدووی کەوت. شەقاوی بە شاشەقاوی نەدەگەیشتەوە. لەسەر تیرەگی دەرەوەی مالآن راوەستا. بە هانکەهانك لە پەنای وێستا. چاوی بڕیبوە ئەرزی. شارە مێروولە.

گیانی وەخورین کەوت. دوو لەتە کەندری دەرهێنا. گوتی: راکشێ. نەی وێرا. گوتی: چاك دەبیەوە، تازە زگیشت نائێشێ. بە ترسەوە راکشا. توند دەستو پێی بەستەوە. گوتی ئیدی وستەت نایە. بەردی هێناو دەوری بە بەرد گرت. زیقاندی: ئەی هاوار چ دەکەی؟ رۆیی.

دەیزانی خەڵکی لەو گردە نزیك نابنەوە. هەموو دەڵێن قەبرستانی جوولەکەیە.

مێرووله هاتن، سەد، دووسەد، هەزار به هـەزار، شـاریان لەسـەر زگی، لەسەر سەری، لەنێو چاوی دا سـاز کـرد. سـەرەتا ختیلکـەو پاشان نقورینجو پاشان قەپاڵ.

لـەپڕا مێـروو ئـاو بـردی. سـێڵاوی ئـاو مێرووڵـەی رادا. چـاوی هەڵێنا. بـاوکی لەسـەر سـەری راوەسـتابوو دەگریـا. "ـ بمبـوورە، بمبوورە، خودایه بمبوورە." ئێستا دەزانی بۆ وای لـێ کردی. ئـەو رۆژەی مرد بۆ ناشتنی نەچووی. مانگێـك دوایـه گۆزەیـەکت شـیله لەگـەڵ خـۆت بـردو چـوویه سـەر گۆڕەکـەی‌و گۆڕەکـەیت داوە. جەسـتەی وەدیـار کـەوت. شـیلەکەت پـێ‌داکردو گۆڕەکـەت پـڕ کردەوە. دەتزانی مارو دووپشك‌و مێرووله شیرینیان به کەیفه.

ئێسـتەکه جـوان تـێ‌دەفکری، لەبیرتـه نـان نـەبوو بیخـۆن. تـا ماوەیەك کولێرەی جۆتان خوارد. پاشان ئەویش قات بوو. دایکت، کاکت، دادت، هەموو لەبرسان مردن. تۆو ئەو مابوونەوە. بەردەوام دەگریای.

ـ برسیمه زگم دێشێ.

ئێستا سێ‌ساڵی رەبەقه قات‌و قڕی تەواو بووە. پارەکـه دیسـان باران نەباری. گیا شـین نـەبوو. دێهـات چۆلیان کـرد. تـا ئەورۆکـه نـانی جـۆو کـولێرەی جۆمـان خـواردوە. بـەڵام ئەورۆکـه دوایـین کولێرەشمان خوارد.

زگم وەك ئەو ساڵه دێشێ. چاوم له ڕەشەوە دێ‌و سـەرم سـووڕ دەخوا. بڕستم لـێ بڕاوە. شتێك لەبـەر چـاوم هـەر دێـت‌و دەچـێ‌و دەجووڵێتەوە.

تارماییەکە وەك تاپۆ. وردە وردە لێم نزیك دەبێتەوە. دەستم دەگرێو وەپێشم دەکەوێ. بۆتە چاوساغم. دەڵێ: وەرە... نالێم بۆ کوێ؟ بە دوای دا دەڕۆم. بە گردەکەدا هەڵدەگەڕێین. چاو دەبڕمە ئەرزی. دەست بۆ گیرفانم دەبەمو لەتە کەندرێك دەردێنم. گوتی: ورکە بەرد کۆکەوە. جەغزێکی بەردینەمان چاك کرد. گوتم: دەستم ببەستەوە.

ڕاکشام. بیری لێ دەکەمەوە. کێ بوو دەستی گرتم. نازانم. لەوانەیە باوکم بووبێ هاتبێتەوە بۆ تۆڵەساندنەوە. تەکان لە خۆم دەدەمو هەڵدەستمە سەرپێ. نامهەوێ مێژوو دووپات کەمەوە. دەبێ بچمەوە گۆڕستانو گۆڕەکەی باوکم هەڵکەنمو ئەو ئێسكو پروسکەی کە لێی ماوەتەوە دەربێنمو بە تاوانی دەستەوەستانی لە سێدارەی دەم.

بۆکان.
78/2/7

## 1/2

لێوەکانم کۆ دەکەمـەوەو وەك یـاقووتێکی سـوور تێـی دەڕوانم. جـارێکیتر ماتیکەکـەی هێـواش پێـدادێنم. بـە قەڵەمـە قاوەیەکـە دەوران دەوری لێـوم خـەتی لێـو دەکێشـم، کرێمـی سـپیاوەکە لـە دەستم هەڵدەسووم‌و پاشان کوڵمەکان‌و پاشان گشـت دەم‌وچـاوم. چاوم بە کلێکـی ڕەش دەڕێـژم. شـانەش دەخەمـە نـاو پرچـمەوەو هێواش دەست دەکەم بە داهێنانی، قرچە قرچـی قـژم دەمخاتـەوە بیری منداڵی، جگە لەوە چێژێکی تایبەتی هەیـە. گشـت ماکـەکانی گیانم تامی لـێ دەبینی، چاوم دەنووقێنم.

کە چاو دەکەمەوە، لەخۆوە پێکـەنینم بـەو دۆخـە دێ، ئـەوە چ وەزعێکە، بێزم لەخۆم هەڵدەستێ، بێزم لە لێو، لە چاو، لە لووت‌و لـە پـرچ‌و ... . بـە یەکـەم شـت کـە دەسـتم پێـی دەگـا قوتـووە ئارایشتەکەیە. بە هێـزو قـووەتی خـۆم تێـی دەسـرەوێنم. ئێشـێك نوقمی خۆشیەك گیانم دادەگرێ. بەڵام دڵم سوکنایی دێ. دەڕوانمە دەستم. لەتە شووشەکان هێور ... هێور دەردێنمەوە.

خـوێن بازڵقـەی بەسـتوەو بـە خـوڕەم دێ، سـوورایەکی جـوان، وەك سـوورایی تـارای بـووکێنی. بەسـەرمی دادەدەم. بزەیـەکیش. پاشان بە قامکی شادەم خاڵێك لە تەوێڵم دەکوتم. خوێن شـۆڕاوگە دەبەستێ و بەنێو چاوانم دا دێتە خوارێ و چاوەکانم دابەش دەکا.

خوێن بە لووتم دا، خوێن بـە لێـوم دا، خـوێن بـە ملـم دا، خـوێن مەمکەکانم دابەش دەکا.

دەستم لەبان سەرم دەگوشم بـەڵکوو خـوێنی زیـاتری لـێ بـێ. لەشـم سـنوورێکی سـووری لـێ کێشـراوە. بـاکوور ــ باشـوور ــ ڕۆژهەڵات ـ ڕۆژئاوا. نا تـەنیا ڕۆژهـەڵات. ڕۆژئـاوا، مـەمکی ڕۆژئـاوا، مـەمکی ڕۆژهـەڵات. خـوێن دەبێتـە دوو کـەرت و هـەر کـەرتێکی مەمکێکم داگیر دەکا.

لە خۆم دەڕوانم. تك تك لە گۆی مەمکمەوە دەڕژێتە خوار ـ وەك شـیر ــ دەم دەخەمـە نـاو مەمکمـەوەو دەسـت دەکـەم بـە مـژینی خوێن. نازانم چ تامە؟ تەنیا تامی خوێنەو بەس.

دەست هەڵدەگرم. سەرم وەبەر شـێرە ئـاوە سـاردەکە دەدەم. ئاوێکی سارد وەك ڕۆژ وڵاتی لەشم دادەپۆشـێ. مێشـکم بـە پڕتـاو سارد دەبێتەوە. سارد، سارد، سارد. تا دەتەزێ.

خوێنەکە ڕەنگ دەدۆڕێنێ. سوور، نـارنجی، کـاڵ، سـپی سـپی. کەلەم تەزیوە. کە دێمـەوە بـەر ئاوێنەکـە وەك کچـێکی خووسـاوم لـێهاتوە چ نەفرەتێکی ئەبـەدی دایگرتـووم. لـە خـۆم بـۆڕۆ بـووم لە...

به خاولەکەم خۆم وشك دەکەمەوە. شۆرتەکەم لەبەر دەکەم. پرچم لەپشت سەرم دەبەستمو پاشان مەمك بەندو ژێرکراسو کراسو کەواو پانتۆڵ، پشتێنەکەم دەبەستم. جامانە شەترەنجیەکەش لەسەرم دەبەستم.

6دەراغو دوو نارنجۆك ـ سەرنێزەیەکیش ـ کەلاشەکەش لە شانم دەکەم. پووزەوانەو کلاش. هێواش دەرگاکە دەکەمەوەو دێمە دەرێ.

(پارێزگاری)

1379/12/5

## وەك شۆرابەی برژانگ هەڵوەریوی پاییز

**ـ یەك**

چاوت لێمە، چاردەخۆرێکم بە نێو قەدەوەیە، ئاغابانوویەك لە سەرو، دەستێك کەواوپانتۆڵی... بۆت بڵێم. خۆ چاوت لێمە، بە گشتی چاپۆرەیان داومو قسەیان بۆ دەکەم. چ بە هەستەوە دەگورێنم! چ جوان گوریێ رادەگرن! دوێنێ لە بارێکی قورسو پشتێکی ماندوو لە سەفەر هاتمەوە، کۆڵانەکەمان چەندە بێدەنگ بوو. دڵم خەبەری دا. خەبەری چی؟ دارو دیوار دەگریا. دەکوڵی. هەناسەم دەرنەدەهات. پشووم سوار. کات مردوو. بۆخۆت لەوێ بووی.؟ دەزانی دەڵێم چی؟ چاوت بە دیوارەکان دا دەگێڕا. لە بیرتە چەندە دەترسای، چۆکت دەنووشتاوە. بە ترسەوە لە دەرگات دا. یەك...دوو... سێ... چوار... تا پێنج. جانتاکەت لەدەست بەربۆوە.

بۆ فرمێسك ـ بێپرس. دڵیشت تەماوی. یەکێ توند، توند، توند لە مێشکت دا دەیەنەڕاند: "ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لەلاتان"

ـ دوو

بە زڕەی تەلەفوونەکە وەوخەبەر هاتم، دەستم دا گووشیەکەی: بەڵێ فەرمووو؟ ـ چۆنی؟ بۆ نایەی؟ بیستوومە؟ ـ چاکم، بە تەنیا، چی؟

دەگری، تۆش دەگری. هێواش بە گوێچکەت دا دەچرپێنێ. ـ بۆن دێ، بۆن، بۆنی پێم وابێ گوڵەباخە، وڵات دادەگرێ. بەڵام تۆ هەر دەپشمی: هەپشم ـ هەپشم ـ هەپشم!!

دڵت پڕە، تەنیا بێو بش زانی. هێزێك پاڵت پێوە دەنێ: دەست دەست دە کەڵاشەکەت. گێلەن گێدەنێكو تەق تەق!! گریانە ـ رقە رق. ئاگرە ئێشە. دەزانی ناکرێ نا. چاوت لێمە لاقم بەو بەراوبەری ئاوزینگەکەدا شۆڕ کردۆتەوەو چاوم بڕیوەتە کامێراکە. چەندە مەزن!!

وێنەکان لادەبەم، یادی ئەو ساڵەش ناکەمەوە. ئەرکی نەتەوایەتیمە. سەرم لەگێژەوە دێ. بەسەر زەریاوە دێنو دەگەنە کوێستانەکان ـ دادەبارێن. باران. دڵۆپەکان دەخوشێنە ناو دارو دەوەنەکان، پاشان دەبنەوە هەڵمو دەبنەوە بوغو دەچنەوە ئاسمان.

بوو بە باران، بوو بە هەور، نازانی ـ ـ ـ بەڵام مێشکت وەك ساعەت دەنگی دێ: چك چك چك چك. دەست دەدەیە گووشی تەلەفوونەکە.

ـ کاکە... ناتوانی قسە بکەی ـ دیسـان چـوویەتەوە ئـەو ڕۆژەی کاکت شەهید بوو. دای دەنێن: ـ ئەو ڕۆژەش باران باری. وایان بـۆ گێڕایـەوە. خـوێنی ڕانەدەوەسـتا. مـەلا بـەردەوام دەیـنەڕانـد: ــ کافرە، کافرە مزگەوت گلاو دەکا. کزەیەك لە جەرگتەوە هەستا: ــ چ خۆش، کافرە!

گوتیان تا ساتی تیرەباران هەر نەڕاندوویەتی و وەك شێر کـۆڵی نەداوە. دەڵێن دیسان کاکت شەهید بۆتەوە. نا کاکی چـی. دەڵـێن دێهاتەکەتان قڕ کراوە. دەچرپێنیّ: بریا وابا.

چاوت لێمە بەرەو چیا هـەنگاو دەنـێم. بـە دەورم دا کۆترەکـان سـەما دەکـەن. دەگەمــە هەرکــەس سـلاو دەکـا. وێنەکـە دوور دەکەوێتــەوە... دوور... دور... دوور...دوور تـا دەبێتـە خـاڵێکی ڕەش بە گۆنای... دەڵیّ: گوتی:

ـ بۆ سووڵح هاتووین. دەستی نا ناودەسـتی: ئاشـتی خـوازم... بـاوکی ئاشـتیم. گـڕم گرتـووە گـڕ: دەزانـی دەڵـێم چـی؟ لەبیرتـە، پێکەوە دەچووین بۆ مەدرەسە. تۆ بە گوێچکەت دا دەچرپاندم: ــ کــوڕی بــاش دەزانــی ئێمــە چــەند میلیــۆن کــوردین؟ ئــەی بــۆ دەوڵەتێکمان نیە؟ دەم گوت تۆ کارت بەوانە نەبێ، سـەرت داخـەو دەرسەکەت بخوێنە. دەتگوت: نا من ناتوانم.

بەیانیـیـەك گوتیـان: ڕۆیشـتیو نەگەڕایـەوە. گوتیـان بـووی بـە پێشـمەرگەی قـاسملوو. پـێم وابـوو نێـوی چـیایەکە، یـان هێزێـك. ئێستاش نەمزانی پێشمەرگە چیە؟ تەنیا بیستم: ـ لە داریـان دای، سووتاندیانی، لە چۆم دا خنکاندیانی.

- سێ

ماندووم. کەللەم وەختە بتەقێ. گووشیەکە هەڵدەگرم. لەو بەرەوە دەڵێن - شەهید !! مچوورکێك بە نێو شانم دادێ. ـ دایك سەری دەرنێتەوە. باوکم چۆکی دەلەرزێ. دایکم دەگری. بەڵام من نازانم شەهید یانی چی؟ یانی دێتەوە؟ دەڵێم: - دەڵێم دایە چ بووە دەڵێ: شەهیدیان کرد. دەڵێم: - شەهید یانی چی؟ دەڵێ: هیچ... هیچ لە کۆڵم بەوە گەورە بی دەزانی. سەرم بەسەر بێسیمەکەدا شۆڕ کردۆتەوە. من ناتوانم. دیسان وێنەکەی باوکت هاتۆتەوە بەرچاوت. باوەشی پێداکردی: برۆ کورم خودات لەگەڵ بێ، بمرە بۆ کوردان. گووشیەکە لە دەستت دا ئارەقەی کردووە، هێواش زەنگ لێ دەدەم. یەکێ لەو بەرەوەوە دەڵێ: - عەلۆ - عەلۆ

دەڵێم گوێت لێیە: کاك دوکتوریان شەهید کردوە. ناتوانم نا. مێشکت بەستوویەتی. سێ سێدارو کۆمارێکی رەنج بەخەسار بانگت دەکەن پرسیارێکیش لە مێشکت دا رەق هەڵاتوە.

ـ باشترین پاداش بۆ شەهیدان چیە؟ نازانی چۆنی جواب دەیەوە. تەنیا

دەزانی: کانیەکانی تەواوی دونیا وەك چاوەکانی تۆ سوور، سوور هەڵگەڕاون.

قەڵا
1380

## سەید

ئـــەمن خـــەڵکی شـــارێکم، ماڵــەکانی هـــەموو کورتـــە بـــاڵان‌و پەنجەرەکانیشـیان چـکۆلە چـکۆلەن‌و قـــەت پـــەردەیان لەســـەر هەڵنادرێتەوە. هاوشارییەکانم قەت دەنگیان هـەڵناهێنن‌و هەمیشـە بە سرتە قسە دەکـەن. هـەموو لـە سـەید دەترسـن. دەڵـێن سـەید عیلمـی غـەیبی هەیـەو ئاگـای لـە مـارو مێروویـە. کـەس تـا ئێسـتا سەیدی نەدیوە، بەڵام دەڵێن لەبـەر نـوور چـاوت لەبـەری هەڵنایـە. سەید سامی هێندە گرانـە کـەس نـاوێرێ سـەری هـەڵێنێ. خـەڵکی شارەکەی من قەت سەریان هەڵناهێنن.

کــەس تــا ئێســتا ســەیدی نــەدیوە، بــەڵام هــەمووان دەزانــن پشتاوپشتی خەڵکی ئەو شارە بووە. سەید ماڵێکی زەلامـی هەیـە. بەرزە. هێندە بەرز...... خـەڵك دەڵـێن سـەربانەکەی لـەنێو هـەور دایە. پیرەکان دەڵێن ساڵی سێڵاوەکە، ئەو ساڵەی خـەڵکی هـەموو ماڵیان کەوتبوە سەر ئاو و منداڵی مەلۆتکەیان لە چۆمی گرتبـۆوە، نوێنەرەکانی سەید هاتوون‌و دەوری ئەو خاکەیان بە بلووك گرتوەو

سپایەکیان هێناوەو سازیان کردوە. دەڵێن سەید نەیوێراوە کورد بۆ کرێکاری بەرێ. دەڵێن کرێکارەکان هەموو رەش رەش وەك رەژی بوونو سوور سوور داگیرساون. لەنێو چاڵی چاوەکانیان دا تەرزە باریوەو قسەیان لەگەڵ هەرکەس کردبایە کابرا دەسبەجێ رەق هەڵدەهات. خەڵك نەیان دەوێرا بەوێ دا بڕۆن. هیچی کەشیان نەدەزانی.

تەنیا دەیانزانی ماڵەکە وردە وردە ساز دەبێ. خەڵك قەت چاویان لەو ماڵە نەدەکرد. دەیانگوت ئەو ماڵە هاوینان شینەو زستانان پرتەقاڵیە. خەڵك دەیانگوت هەرکەس بزانێ ماڵەکە چ رەنگە حەوت ساڵ گول دەبێو پاش حەوت ساڵ تووکی لێ دێو پاشان بێ ئەوەی کەس بزانێ لەخۆوە دەبێتە هەڵم.

سەید سامی هێندە زۆر بوو. خەڵك ڕاهاتبوون ئەو سووچەی شار نەبینن. بە منداڵەکانیشیان دەگوت: ـ ئەگەرکو گەیشتنە حاندی، چاوتان بنووقێنن.

ئەمن بیست ساڵە لە شارەکەم دوور کەوتوومەوە. بەڵام ئێستا لە شارێکم هەر لە شارەکەی خۆم دەچێ. پێم وابێ هاتوومەتەوە شارەکەم. خەڵك شەوانە زوو چراکانیان دەکوژێننەوە. دەڵێن سەید شەوانە دەبێ بە ڕەشەباو دێتە نێو ماڵانەوە. خەڵك هەموو شەوێ بە لۆکە کونی گوێچکەیان دەئاخننو بە گوریسێك لاقیان لە یەکتر دەبەستن تاکوو سەید نەتوانێ هەڵیان مژێو قووتیان دا. هیوایە دەڵێ تا ئێستا سەدجارم خەون بە سەیدەوە دیوە. هیوایە

دەڵێ لە خەونم دا سەید هاتو منی خوارد کە لەترسان خەبەرم بۆوە تەواوی لێفەکەم بە چڕنووك هەڵدڕهەڵدڕ کردبوو. من بیست ساڵە لە ترسی سەید شارەکەم بەجێ هێشتوەو بڕێك ترسم لەبیر چۆتەوە. بەڵام ئێستا هاتوومەتەوە.

ـ ماڵی سەید کامەیە دەمەوێ بیبینم؟

کابرا بە ترسەوە چاوم لێ دەکاو پاشان بە سرتە بە دووهەم کەسی پەنا خۆی دەڵێ، ئەویش بە سرتە بە سێهەم کەس‌و پاشان تەواوی خەڵکی شار لە دەورم کۆ دەبنەوە.

پیرێژنێك دێ‌و دەڵێ: مەچۆ. دەڵێم: دەمەوێ بیبینم. دەڵێ: ئەگەرکو هەردەچی ئەوە خەنجەری مەمی ئالانە لە پشتێنەکەتی نێ. ئەوەش ددانی هەژدیهایەکە کە کوڕە کەچەڵە کوشتوویەتی بیکە ملت. پاشان بە دەستێکی لەرزۆکەوە ڕێگایەکی تاریکم پێ نیشان دەدا. چاو دەبڕمە ڕێگاکە. چۆکەکانم دەلەرزێ‌و بە دڵەخورپەوە لە دەرگایەکی کۆنی دار نیزیك دەبمەوەو لە دەرگا دەدەم. پاش سێ جار، پیرێژنێکی سپی پۆشی بەساڵاچوو دێتە دەرێ. دەڵێم پووری هاتووم کارم بە سەیدە. پێدەکەنێ‌و دەڵێ ئێمە کەسێکمان بە نێوی سەید نیە بابم.

خرمە خرم شووشە دەشکێ‌و وەك پەپوولە لە ئاسمان دا دەبریسکێنەوە. پیرێژن بۆنی داری لێ دێ. لەرزینی چۆکم تەواو دەبێ. دەڵێم چۆن، ئەی سەید.... دەڵێ چەند ساڵە منو مێردەکەم لێرە باخەوانین. ماڵێکی رووخاوەو هیچ. خاوەنەکەشی

هەزاران ساڵە مردوە. پاشان چاوە چرچەکانی دەبڕێتە چاومو بزەیەکی تاڵ دەکا. بە سەرسووڕمانەوە دێمەوە. بەڵام شەقامەکان چۆڵن. کزەبایەکی سارد بە کۆڵانەکان دا دێو دەڕوا. شار چۆڵ کراوە. خەڵکی شار، شارەکەیان بەجێ هێشتوەو من بە تەنیا لە شارەکەم دا ماومەتەوە. بیست ساڵە لە شارەکەم دوور کەوتوومەتەوەو ئێستاش شارەکەم تاقە کەسێکی تێدا نەماوە بێت قسەیەکی لەگەڵ بکەم.

1382/11/10

## چیرۆك

بـیر دەكاتــەوە. ســەعاتە دیوارییەكـە چـركە، چـرك ڕێچــكە دەشــكێنێ. دوایــین تیشــكی ئێــوارە لــە پەنجەرەكـە وە ژووری ختیلكە دەدا. چاوێك لە خۆرە تەزیوەكـە دەكـا. وەتاغەكـە هێـور، هێور، تاریك دادێو ڕۆژ كۆتایی پێدێ.

پـاش كاتـژمێرێك هەڵدەسـتێو گڵـۆپی وەتاغەكـەی هـەڵدەكا. پاشــان وەتاغەكـەی تەنیشــتێو هــاڵی حەوشــەش. چــاوێك بــە دیوەكەیدا دەخشێنێ. كتێبـەكانی بـە دمـەوە لەسـەر زگ پـرشو بـڵاو بوونەتـەوە. عەینەكەكەشــی لەســەر مێزەكـەی دانـراوەو ئـەو جلانەی تازە شۆردبوونیو هێشتا لە ئوتـووی نـەداون لـە سووچـی وەوتاغەكەی لە سـەریەك هەڵچـنراون. كۆتەكـەی لەبـەر دەكـاو لـە ماڵێ دێتە دەرێ.

ڕوو دەكاتــە كـۆڵان. بڕیـار دەدا لـە هـیچ كۆڵانێـك لانـەدا. پێـی خۆشە هەروا ڕاست بڕوا بزانێ كۆڵانە ڕاستەكان دەگەنە كوێ؟

دێتــە ســەر شــەقامێکی نــامۆ. گرمــەی ماشــێن‌و نەڕەنــەڕی خەڵکی‌و... ئەو... ئەو. تەنیایی. دەستەکانی دەخاتە گیرفانی‌و دەیەوێ بەدەم ڕێگاوە فیتوو لێدا. وەك ڕێبوارێکی ئاسایی خۆی بنوێنێ. بەڵام زۆر زوو ماندوو دەبێ. پشتی کووڕ دەکاتەوەو شل دەست دەکاتەوە بە ڕێگارۆیشتن.

تەنیا شتێکی نەگۆڕی ئەو، ئەوەیە کە هەر دەبێ بیر بکاتەوە. بیر دەکاتەوە. شارەزای ئێرەیە. دەزانێ بەرەو کوێ دەڕوا. منارەکان بەرامبەرین‌و لە بڵیندگۆی مزگەوتەکەوە کابرایەکی دەنگ گڕ بانگ دەدا.

تێکەڵ ئاپۆڕای خەڵکی دەبێ. دەست نوێژ دەشوا. لەگەڵ خەڵکەکە نوێژ دادەبەستێ. نازانێ دەڵێ چی؟ دڵی لەوێ نیە. ڕەکاتی دووهەم وازی لێ دێنێ‌و بە پەلە ڕیزی نوێژخوێنەکان بە جێ‌دێڵێ. هەست دەکا چاوەکان هەموو دەڕوانن‌و مۆڕەی لێ دەکەن. دێتە دەرێ.

دەم‌و چاوی هێشتا ویشك نەبۆتەوە. دەیەوێ بچێتە سووچێکو بیری کۆ بکاتەوە.

کات. کات. ماندوونەبیەوە.

ـ سپاس ئێوەش ماندوونەبن.

ــ بۆ ئەوڕۆکە بەسە. سبەینێش فریا بکەوین. چەن پلانێك دەگرین.

ئەکتەر ڕوو دەکاتە کابرای فیلم بەردار. ـ

- ئەگەر كارتان پێم نیە دەڕۆم؟

- سەرچاوان تا سبەینێ، شەوێكی خۆش.

سواری تاكسی دەبێ.

ــ كاكە مەستەقیم فەلەكە تازەكە. كابرای شۆفێر پێی بە گازەوە دەنێ. ئەكتەرەكە چاو لە دەرێ دەكا. تاكسیەكە زۆر توند لە پێویست دەڕوا. وردە، وردە دیمەنەكان لێڵ دەبن. پێی وایە ماشێنەكەش لە زەوی جیا بۆتەوە.

- زۆر توند ناڕۆی؟

شۆفێرەكە ئاوڕی لێ دەداتەوە. ئەكتەر دەیناسێتەوە.

- ئا. كاكی چیرۆك نووس ئەوە تۆی. مەگین ژیانی ئەكتەرێكت نەدەنووسی. ئەی بۆ لێرەی؟ وادیارە چیرۆكت بە ئەمانی خودا سپاردووە! باشە، دەكرێ پێم بڵێی بەو تاكسیە تا كوێ بڕۆم؟

چیرۆك نووس پێدەكەنێ.

ــ ئەوەڵەن مەترسە لە دونیای چیرۆك دا دەتوانین بە ئاخر سورعەت بڕۆینو تەسادوفیش نەكەین. دوایەش، دەزانی زۆر بە پەلەی؟

- باشە ئێستا خوێنەر پێی وایە من دەڕۆمەوە ماڵێ یان لانیكەم دەچمە شوێنێكی وەك شۆقەیەك یان... شتێكی لەو بابەتە. دوایەش لەو فیلمەش دا پێم وابوو سكانسێك تا ئاخر دەڕۆین. لەپڕ پلانت راگرت! بۆ وا ناڕوون دەنووسی؟

چیرۆك نووس دەڵێ: كاكە گیان، ئەمن تا ئێستا، تۆم خولْقاندووە، ئێستاش پێم خۆش وەدوی ژیانت بكەوی. ئەوە كارت

هەیــە. دوای کارەکــەت ســواری تاکســی بووی‌ــو دەڕۆی. منــیش شۆفیرتم. چ دەکەی بیکە.

ئەکتەر گێژ بووە. ناتوانێ بیر لە شتی وا بکاتــەوە. بـۆی قــووت نادرێ. چیرۆك نووس تورمزێك دەکا.

ـ دابەزە هەر لێرە جلەکانمان دەگۆڕینەوە. تۆ ببــە بــە شــۆفیرو من دەبمە ئەکتەری چیرۆکەکەم. کابرا خۆشحاڵە رزگاری بووە.

زۆر هێواش بەڕێوەیە. لە فەلەکەکە دابەزم. خێرا پاکونێك دێنم‌و تاکسیەکەو شۆفیرەکە پاك دەکەمەوە. هەر نامەوێن.

فوویــەك لــە کاغەزەکــە دەکــەم‌و چــڵکی پاکوونەکــە لادەبــەم. خۆزگەیەك لە دەروونم دا پنگ دەخواتەوە.

شەقام چۆلە.

تەقەکەی کەوشەکانم بەرزتر لە حاڵەتی ئاسایی دێتە گوێ.

1ـ 2ـ 3ـ 100ـ 500ـ ... هــەنگاوەکانم دەژمێــرم. جارجــار ماشێنێك تیژ بە پەنام دا تێدەپەڕێ. کۆتەکەم لە خۆم هاڵاندووە. واز لە هەنگاو ژماردن دێــنم. خــۆ بــە کافەیــەك دا دەکــەم. کافەکــە نیوە چــۆلەو چــەند کەســێك تــاك، تــاك لــەولاو لــەم لا دانیشــتوون. داوای بیرەیەك دەکەم.

وەڕەزم! نازانم چی بکەم؟ بیرەکەم بە ئیشتیا دەخۆمەوە.

قامکەکانم لە دەوری قوتووەکەی دەهاڵێنم. دەیگووشم. ساردی بیرەکە هێشتا برێك هەر ماوە. دەستم چێژی لێ وەردەگرێ. ژنێــك لەلای چەپم دانیشتووەو سگار دەکێشێ. پاش ماوەیــەك کابرایــەك دێت.

بڕێك چپه، چپ دهكهن. ههڵدهستن. دهچنه دیوی پشتهوه.

سهرم دێشێ. چیرۆك نووسی قارهمان ههروای لێ بهسهر دێ. ئهوه چ بهزمێكه بۆ خۆمم چاك كردووه. سهرم لهسهر دهستم دادهنێم. پێلووی چاوم ورده ورده قورس دهبێ.

ئاسمان خهمێكی سهیر دایگرتبوو. ههورهكانیش دهیانزانی ئهوڕۆكه ڕۆژێكی جیاوازه. ههموو دهمو چاویان وێك نابوو و پشتیان كردبووه یهكتر. كزه بایهكی زهردیش له هاتوچۆ دابوو.

دایكم چاوی له كهوشهكانم دهكرد. دهمزانی بیر له چی دهكاتهوه. ههناسهیهكم ههڵكێشاو به دهم ههناسهكهوه سهرێكم بادا. ویستم بڵێم "دهبێ بڕۆم" دیتم پێویست به گوتن ناكات. ههموو دهزانن دهبێ بڕۆم. سهعاته دیواریهكه یهك بین بهرهوپێشێ ههڵدههاتو قهپاڵی به زهمان دا دهگرتو ههوڵی دهدا خۆی بگهیهنێته سهعات سێ. به قهڵسیهوه مۆڕهیهكم لێ كرد. مووچڕكێكی پێداهاتو بڕێك هاتهوه سهرخۆ.

باوكم لهسهر كورسیهكهی ههستاو باوهشی بۆم گرتهوهو ویستی باوهشم پێداكات. خۆم لێ گێل كردهو رووم كرده ئهو لاوه. ئهویش وهك هیچ نهبووبێ. ههروا بهرهو پهنجهرهكه رۆیشتو چاوی بڕیه دهرێ. دهمبینی ملووكوولهكانی ههوا به كۆمهڵ پێكهوه دهنووسێنو قورس دهبنو نهرم دهنیشنه سهر ئهرزی. گهرووم ویشك ببوو. دهمم كردهوه زیاتر ههوا بچێته ناخمهوه. كاكم ههروا لهبهر خۆیهوه بۆڵهی دهكردو نوقرینجی له ئاسمان دهگرت.

تۆزێکی سپی لەسەر رووخساری نیشتبوو. چاوێکی دیکەم لە سەعاتەکە کرد دوو دەقیقەی مابوو بۆ سێ. دەستم دا ژیاننامەکەمو بەرەو دەرگا چووم. لەپڕ دەنگی گریان بەرز بۆوە. سەیرە!!!ش.

دەرگاکەم کردەوە. کۆمەڵێك تیشك بە پەرتاو خۆیان بە ژووریّ داکرد.تا چاوم راهات تاوێکی پیّچوو. وردە وردە وڵاتم دەدی. دارەکان پرچیان پەرێشان کردبوو و زکریان دەکرد. گەڵاکان خۆیان فریّ دەدا سەر رێگاکەم. بەرەو سرووشت باڵم گرتو تێیدا نووقم بووم. دارەکان چرۆ دەکەن.

هەورەکان لێك دەڕەوێنەوەو ئاسمانیش بیّخیاڵ پاڵ دەداتەوە.

بە جیرەی سەندەلیەك وەخۆ دێمەوە. هەر لە کافەکەم. ژنە گەڕاوەتەوە.

سەر هەڵدێنم. ماندووم. بەسە... چاوێك لێك دەکەین.

دەڵیّ: پیاسەیەك نەکەین1؟

پیّدەکەنم. هەڵدەستین. پوولی بیرەکە دەدەمو لە کافەکە دێینەدەریّ.

کابرای کافەچی. بە پەلە دێتە دەریّو هەرا دەکا: کاکە... کاکە، کاغەزەکانت لەبیرچوو.

گوێی نادەمیّ.

شانم بە شانی ژنەوە دەنووسێنمو وەڕیّ دەکەوین.

1382/8/6 قەلا

## میرۆك

باپیرم هێشتا زۆر لاو بوو، ئەو کاتە سمێڵی هێشتا گووگرە نەببوو و پربە سیەکانی قەتی لە لێرەوارەکانی کوردستان نەچریکاندبوو. رۆژێك کە نەنکمیان بە هەڵە دەدا بە کەسێك کە باپیرم نەبوو. باپیرم بێ ئەوەی خۆی شلۆێ بکات دەستی دا دەسرۆکەی سەرچۆپی و تا کازیوەی بەیانی هەڵپەری و ئەو کاتەی هەموو داوەت لە ماندوویەتیان خەونووچکە دایگرتبوون. دەستی نەنکمی گرت و بە هەونگاوێك لە چیرۆکەکەی من هاتە دەرێ و هاتە نێو ئەو چیرۆکەوە:

تازە باوکم لەدایك دەبوو کە منیش تۆوەکەم دارێژرا. من ئەوکات دەمزانی دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەم کە باوکم گەورە ببێ و رۆژێك لە شەقامێکی تەر پێی لە سەر تۆێکلە مۆزێك دانێ و شلپ بەدەمەوە بکەوێتە خوارێ و دایکم لە پەنجەریەکەوە چاوی لێ بێ، تەنانەت بزەیەکیش نەکات و باوکم سوێند بخوات کە دەبێ ئەو کچە بێنێت کە تەنانەت ئەو کاتەی شۆخترین گەنجی گەرەك بە

دمەوە دەکەوێ پێکەنینی نایەت. بەڵام ئەو کاتە کە باوکم پێی لەسەر تۆڵکە مۆزەکە دانا دایکم بیری لە وتەکانی ئەرەستوو دەکردەوە و تێڕامابوو کە بە راستی تۆ بڵێی یەکەم فەیلەسووفەکان لە یونانەوە سەریان هەڵدابێ.

لەدایك بوونی من زۆر بە هەڵکەوت بوو. دایکم لەبیری چووبوو حەبەکانی بخوا و ئەو کاتە باوکم خۆی خزاندە پاڵی، ئەسڵەن بڕوای نەدەکرد کە منداڵی ببێ‌و زۆرتر حەزی دەکرد ماسیەك یان چولەکەیەکی ببێ و داوتریش ئەو کاتەی من گەورە ببووم بە دزی باوکمەوە تفێکی خستە سەر ئەرزی و وتی: ئەو نەبوایە من ئێستا سەربەست بووم. بەڵام ئەو چیرۆکەی من بەتەمام بینوسم نە باسی من و نەباسی باوکمە و نە باسی باپیرمە تا ئێرە تەنیا ویستم قەڵەمەکەم گەرم بکەم و بڕێك بکەومەوە سەر گەڕی نووسین... نا نا مەترسە باسی بەچکە مراوی ناشیرینیش نیە. ئەسڵەن کێ دەڵێ دەبێ چیرۆکێکی نوێ بێ. من دەڵێم با ئەو چیرۆکە کۆنە نەفەوتێ کە دەڵێ: پاشایەك زۆر زاڵم بوو، خوێنەر گیان پاشا عەمدەن زاڵم بوو و حەزی دەکرد خەڵکەکەی شۆڕش بکەن و وەك لویی شانزەهەم سەری بە گیوتین لێدەن بەڵام تەنیا ئەو بە چاوی خۆی ببینێ کە خەڵك هاتوونە دەرێ. پاشا سوێندی خوارد تەواوی ڕێگاکان بگرێت تەنیا ڕێگایەك نەبێ و پاشان پردێکی لێدا و وتی: هەرکەس بیەوێ بێتە ناوشار دەبێ بەسەر ئەو پردەدا بڕواو هەمیشە بانگی وەزیری دەکرد تا بزانێ خەڵك رازین یان نا، وەزیر

به ئەدەبیاتێکی وەزیرانە دەیگووت: بەڵێ بەڵێ سەروەرم خەڵك ڕازین و پاشا لە داخان چڕنوکی لە گونی خۆی دەگرت و لەبەر ماڵی خودا چۆکی دادەدا و دەیگوت: خودایە من کەی بەدەستی خەڵکەکەم سەردەبڕدرێم؟ پاشان پاشا ئەمری کرد هەرکەس بەوێدا بڕوا شەقێکیشی لێدەن. من نالێم بەڵام پاشا خەڵکی کۆکردەوە و بە پێکەنینەوە گوتی: خەڵکی ڕازین یان نا.. باشە کەم بزە بتگرێ ئەسڵەن لەو چیرۆکەش دەگەڕێم بەمن چی خەڵك گوتوویانە پاشا نەفەرێك کەمە خەڵك زیاتر بکە با تێمان هەڵدەن کارمان هەیە و دەبێ بڕۆین.

من ئەوەندە دەزانم کە من و پاشا لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە یەکەوە هاوپۆل بووین و زۆرجار قەڵسەم لێ دەگێرا و لێم دەدا. بۆ ئاگاداریت پاشا زۆر کوڕێکی جوانکیلە بوو. بەمن چی کوڕان چیان لێ کردووە. بەڵام هەموو کاتێك دایکم گوێچکەم بادەدا و دەیگووت: ئاگات لە خۆت بێ. تۆ نازانی دایکم چۆن گوێچکە بادەدات. گوێچکە بادانیش چەند جۆرە. بە خۆشەویستی، بێ خۆشەویستی، تێکەڵاو، دایکم زۆرتر تێکەڵاوی پێخۆش بوو. تەنانەت ئەو کاتەی کە دەچووین بۆ بەستەنی فرۆشیش دایکم مەخلووتی دەخوارد. مەخلووت تێکەڵاوێکە لە بەستەنی و فالوودە. ئای یادی فالوودە بەخێر. فالوودە نیشاستەی لە ڕەندە دراوە.

لەوەتا لە بیرم دێ فالّوودە لە ماڵی ئێمە خوراوە دەڵـێن جـەدی یەکەمم کە فالّوودەی زۆر پـێ خۆش بووە ئەمری کردووە حەوزێکی بۆ پڕ کەن لە فالّوودە و لەگەڵ خێزانی دایکی دایکی دایکی دایکـی دایکی دایکی نازانم چەندەی باوکم مەلەی تێدا بکات. بەڵام وادیارە کە پاش چەندجار ویستویەتی شیرجە بـرواو و نـەوێراوە لـە خێـری مەلّە کردن گوزەراوە و گوتویەتی قاپێکی بۆ پڕکەن لـە فـالّوودە و لە پەنا حەوزەکەوە بە تاسەوە هەڵیقوڕاندووە و پاشـان کـە جـوان دەموولچی خاوێن کردۆتەوە، من ناڵێم ئەوە رەوایەتـە و وەچـە بـە وەچـەی بنەماڵـەی ئێمـە دەزانـن. هەسـتاوە و میـزی تێکـردوە و پاشان بـەمن چـی ئـەو وای کـردووە شـا..........شـا خـۆی مـۆن دەکات پاشـان لـەنێو هـەژارانی شـاردا بەخشـیویەتیەوە. ئـای کـە هەژاری دەردێکی گرانـە. تـۆ نەتپرسـی نـەنکتیان بـۆ بـە زۆری بـە مێرد دا کە باپیرت بۆ هەڵگرتنی تا بەیانی سەمای کـردووە. کـاکی برا نەنکم کچی کابرایەکی هەژار بـووە کـە دەبێتـە بـاوکی نـەنکم و ئاغا ئەو ساڵە باوکی نەنکمی رووتاندۆتـەوە و بـاوکی نـەنکم ناچـار نەنکمی بە کابرایەك لەجیاتی تەلیسـێك جـۆ بەخشـیوە. وام سـەیر مەکە دەڵێی درۆت بۆ دەکەم بەخوا بەراستمە.

هەولێر

## پێڵاوەکانی بودا

زەنگی نەرمی دەنگی بۆ تاوێك سرِم دەکات. چاوەکانی لەگەڵ جووڵەی قەڵەمەکە دەگێڕێ. خشەیەکی تەنك لە بێ دەنگی. دڵۆپە بارانەکان پرچی تەڕ دەکەن. لەنێوانماندا بارانێکی نەرم دەبارێ. لە سەرەتای ڕێگەی قیرِی گردەکەم. جادەکە تەڕوچۆڵە. مارێکە و بەگردەکەدا هەڵکشاوە. (ویل چێرەکەم) جار جار لەسەر تەڕایی جادەکە دەخزێ. پەرستگای مەڕمەڕینی سەر گردەکە باران دەیشواتەوە. سەیارەیەك نەرم نەرم لە پشت منەوە دێتە سەرێ. لە تەنیشتم هۆڕنیك لێدەدا. سەر هەڵدێنم. مێرسێدێس بێنزیکی ڕەشە و کچ و کوڕێکی تێدایە. چاویان لێ دەکەم. هەست دەکەم بڕێك لە خێراییەکەی کەم دەکاتەوە. پاشان بە پڕتاو لە گردەکە وەسەر دەکەوێ و لە سووڕانەوەیەکی گردەکەدا لێم ون دەبێ. خۆر لە پشت هەورەکانەوە وەدیار کەوتووە. تاو و باران و هەڵمی ئەرزی تەڕ، دەوریان تەنیوم. پرچم بە تەواوی خووساوە. وردە وردە خەریکە لە چوونە سەرێ ماندوو دەبم. چاوەکانی

دەبریسکێنەوە و دەڵێ: بۆ کوێ دەچی؟ دەڵێم: دی بۆ لای تۆ. بزەیەك دەکا و هەڵدەستێ. دەست دەداتە ئیستکانە بەتاڵەکەی چایەکەم و دەڵێ: بێ تام. کورسییەکەی دەکشێنێتە پشتەوە و دەڵێ: هیچت پێویست نییە بۆت بێنم؟ سەیری پرچە ڕەشە قەترانییەکەی دەکەم و چاوێکی لێ دادەگرم. – ماچێکم دەیە جا بڕۆ. خۆر تەواو وەدیار کەوتووە. باران خۆشی کردووەتەوە. سەیارە ڕەشەکە پاش ماوەیەکی زۆر دیسان گەڕاوە و بە تەنیشتمدا تیپەڕی. کچەکە و کوڕەکە دەمیان لەناو دەمی یەکتر نابوو، لێوی یەکتریان دەمژت، یان لەوانەیە من وام دیتبێ. دەبێ زووتر وەسەرکەوم. ژووری مەڕمەڕین، لەبەر تاوەکە دەبریسکێتەوە. دەم دەخەمە سەردەمی. ساردی لێوەکانی مووچڕکێکی سپیم پێدا دێنێ. هەست دەکەم پێیەکانم وزەیەکی تۆفانی دایگرتوون و دەتوانن جەستەی شەکەتی منی پیرە پیاو دووبارە قبووڵ بکەنەوە، بەڵام هەر لە یەکەم جووڵەمدا بێ توانایيم دڵم پڕ لە نەتوانین دەکات. دادێمەوە دەستی ماچ دەکەم. ئەو هەروا چاوی لە دوورە دەستەکانی وڵاتی زەردە. چاوەکانم لەسەرخاڵی تەوێڵی دەخلیسکێتە خواریێ و لەسەر گوارەی گوێچکەی دەگیرسێتەوە. هۆ خالقی ئەرز و ئاسمان دەتاوێ چاو لە چاوم کە، لە پڕ گەنجم کەوە با بەسەر گاشە بەردەکانی دۆڵی سوبحاندا باز بازێن بکەم و بەڕێگەی پڕ شەونمی کێڵگەی بارانی ڕەحمەتتدا بە هەڵاتن و بەسەما بەرەو جوانییەکانی ئافرێنراوت

باوەش بگرمەوە. قەڵەمەکە دادەنێم. وێنەکەی لەسەر مێزەکەی بەرانبەرمە. دەڵێم: بڵێی ئێستا چی بکات؟ گوتی: بابە وەرەزم لەو وڵاتەی کە نهێنی ژیان لەودا پڕووکانە. گوتم: تاراوگەنشینیش ئاسان نییە. لەسەر ماتۆڕێکی سەر بەفری دانیشتووە. پاڵتۆیەکی زەردی لەبەردایە و کڵاوێکی ڕەش. عەینەکێکی ئەستوور لەسەر کڵاوەکەیەتی و دەوران دەوری لەبەر بەفر سپی دەچێتەوە. دەستەوانەیەکی لەدەستی چەپی دایە و تای دەستەوانەی دەستی ڕاستی دەرهێناوە و بەدەستە ڕووتەکەی بەرەو کامێراکە بای بای دەکات و من دڵنیام لەو کاتەدا ئەو وێنەیەی بەنیەتی ناردنەوە بۆ من گرتووە. سەیارە ڕەشەکە پاشە و پاش کشایەوە و لەبەر دەمم ڕایگرت. شۆفێرەکە شووشەی لای کچەکەی داداوە و گوتی: مامە بۆ کوی دەچی بتگەیەنێن. چاوێك لە کچەکە دەکەم، پاڵتۆیەکی زەردی لەبەردایە. کڵاوێکی ڕەش و عەینەکێکی ئەستووریش لەسەر کڵاوەکەیەتی. بزەیەك دەمگرێ و دەڵێم: سوپاس ماڵم هەر لە خوارەوەی گردەکەیە. ڕاهاتووم ئێواران بێمە ئەو پەرستگایە. کوڕەکە دەڵێ: تەڕبووی سەرمات دەبێ. بەگاڵتە دەڵێم: بۆ پێت وایە پیرم کوڕە، ئێستاش بەدووانی وەك تۆ پێم ناوەستن. هەردووکیان پێدەکەنن و بەدەست بای بایم لێ دەکەن و شووشەکە هەڵدەدەنەوە و دەڕۆن. ئەسرینێك مژۆڵی تەڕ دەکات. بڕۆن. بڕۆن. خۆش بن. خۆش بن. ماسیگرە سپییەکانی قەراغ دەریا تا ئەو دوورانەش هاتوون و بەسەر سەریەوە قاووقیژیانە.

بۆنی دەریا و ئاو و لم و سەوزاییەکانی دەوروبەری شاگەشکەی دەکەن.

٢٠٠٩/٣/١٧

## تریقانەوەی ئێوارەیەکی زستان

دەنگی با ناهێڵێ خەوی لێبکەوێ. دەڵێی بڕیاری داوە میچی ژووره قوڕینەکەی لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ و بیبات. قەندیل نوقمی با و وشە وشەکانیەتی و رەشەبای رەشەمە پەنجەی کردۆتە پەتکی سێدارە و گەرووی شاخی وە قرخەقرخ خستووە. خەون و راستی و ئەو و ئەو رۆژە و پێشمەرگە نووستووەکان و وشە وش و رەشەبا.

دەنگی پرخەی ئەو کوڕە تازەهاتووە لە هەموان زیاترە. ترسی مانەوە لەقەندیل و قورسی ژیان و دوا رۆژی نادیار، تامی شیرینی پێشمەرگەبوونیان لێکردۆتە پرخەیەکی بێبڕانەوەی بەرزەدەنگ. بریسکەی بەخەبەری چاوەکانی، ژووری تاریک دەپێوێ. پشووی زستانی دابڕانەکە لە ژیانی خوو پێگرتووی چەند ساڵە.

بیرکردنەوە و زیندوو بوونەوەی بیرەوەرییەکانی، بزەیەکی ون لە سەرلێوی بۆ کاتێک ئاشکرا دەکات و زوو دەکوژێتەوە. بە کرانەوەی دەرکە پتر شاڵاوی سەرما دەخزێتە بن پەتۆکەیەوە و

ئەویش خۆی گرمۆڵە دەکات. لە تاریکییەکەدا پیاوێکی چەکداری لایت بە دەست دێتە ژووری. بە قەڵافەتی و کووڕ بوونەوەکەی ڕا دەزانێ مامە پیرەی کۆنەمێوژفرۆشە. ئەویش وێڕای گەنجەکان ئەو شاخانە دەکوتێ. تیشکی لایتەکە بە حاڵ ژوورەکەی رووناك کردووە و هێڵێکی باریکی تیشك لە ژێر ئەمری مامەدا بەسەر نووستووەکاندا دەگەڕێ و بە دوای نیگابانی دوای خۆی، دەمووچاوەکان دەپشکنێ. سێبەرێکی گەورەی مامە کەوتۆتە سەردیواری بەرانبەر و دێوێکی زلی لەمام مێوژی کورتەباڵا چێ کردووە.

نەخوازراوانە ملچەملچی دەمی دێ. دەستی دەخاتە سەر چۆکی و بەسەر سیروانی تازەهاتوودا دادێتەوە و لە پەنای دادەنیشێ. پەتۆکە لە سەرسەری لادەبا و بە دەستە رچیویەکانی رایدەوەشێنێ و بانگی دەکات. سیروانی گەنج پرخەی تێکەڵ بە بڵمە بڵمی (لەکۆڵم بەوە) دەبێ و دەخەوێتەوە. مام بە ئارامی دەست بە سەر سەری دادێنێ. مام بە ئارامی دەست بە سەر کوڵمەکانی سیروانی گەنج دادێنێ. چاوێك لە دەوروبەر دەکات. ئەوە پتر خۆی مات دەکات و ئەو یاخیتر .مام دەستێك بە سەر پشتی سیروانی گەنج دادێنێ. سیروان دەجوولێتەوە و دیسان خەوی لێدەکەوێتەوە. مام هەست وخوست لە خۆی دەبڕێ، تا دڵنیا دەبێ سیروانی گەنج دیسان خەوەکەی قورس بۆتەوە. ئەو واقی وڕماوە و حەپەساو چاو لە دەستەکانی مام دەکات کەشیکی

هەوەسی لە قامکەکانی هەڵدەوەرێ. مام بە ئارامی قامکەکانی بەرەوخوار نێوقەدی سیروانی گەنج دێنێ. مام پەنجەکانی لێك دەکاتەوە و سمتی سیروانی گەنج دەگوشێ. سیروانی گەنج چاوەکانی بە پەلە دەکاتەوە و یەك جێ هەڵدەستێتە سەرپێ و بێ دەنگ چاو لە چاوەکانی مام نادر دەکات. بێ دەنگییەکی کوشندە ژوورە دادەگرێ. پاش چەند چرکەیەکی تاڵ مام نادر بە دەنگێکی لەرزۆك دەڵێ:

نیگابانی، وەرە سەرپۆستەکەت. پاشان بەپەلە هەڵدەستێتە سەرپێ و لە ژوورەکە دەڕواتە دەر.

## ڕۆژی لە دایك بوون

دوێنێ شەوێ بڕیارمان دا کە دەبێ لە دایك بێ. نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و .. فشەیە. لە دایرەکەمان کات ناڕوا. نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ تۆ بڵێی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ.. دوانیوەڕۆ نەگەیشتبوومەوە بەر دەرکەی ماڵێ بەرەو پیلم هات و عەلاگەکانی لێوەرگرتم. چاوێکم لە بەژن و باڵای کرد و ماچ بارانم کرد. دەبێ جارێ چاوەڕێ بین. پێکەوە دێینەوە ژوورێ. من پێم خۆشە کچ بێ. دێمە ژوورێ خێزانم بەخێرهاتنم دەکات. بە سەرسووڕمانەوە چاوێك لە باوەشم دەکەم و نۆ مانگ و نۆ ساڵ و نۆزدە ساڵ و بیست و سی ساڵ تیدەپەڕێ. خێزانم دەڵێ تازە لەدایك بووە. قەرەواشتە، نێوی بنێین چی؟ زۆر لە من دەچێ وانییە؟ هاوتەمەنمە. حەیف نازانێ قسە بکات. خۆزگە کوڕ بوایە. بە ترسەوە لە کچەکەمان دەڕوانێ. دەزانم چاوەڕێی شتی ئاوا.. قورسە. دەڵێم پیاوەکە دایرەکەتان چ باسە؟ —ترس دەبارێ. پاشان بێ دەنگ دەبێ و چاو دەبڕێتە مەمکەکانی کچەکەمان. مەمکی لە سەرم گەورەترە. ئەوە من گوتم. کچەکەمان

دەگریٚ ئافرەت هەستە شیری بدەیە. باوەش بە دایکی دادەکات و مەمکی دەخاتە دەمێیەوە. خیزانم مەمکی دەمژیٚ و چاو دەبڕێتە نێو چاوی. جار جار شیرەکە لە گەرووی گیر دەکات و دەکۆخیٚ. لەسەرەخۆ دەڵیٚ– ئی خۆتە پەلە مەکە، نۆشی گیانت بیٚ. باوکم تووڕەیە، پێی وایە نابیٚ وابیٚ، من زوو لە دایك بووم، زوو گەورە بووم و دایکم گاڵتەی بەخۆی دەهات و لە دڵیدا پێی خۆش بوو بەمێردم بدا و لە کۆڵم بێتەوە. منیش دەترسێم لە قەیرە بوون. براشم نییە تا... نەفرەتت لیٚ بیٚ تامی باوکێتی لیٚ ستاندم. زل حۆرتی، دێڵە سەگ. کاتژمێرێك بیرم دەڕوا. ئەوە ژیانی کییە. بۆچی دەبیٚ من کچم بیٚ، یان باوکم بیٚ، یان ژنم بیٚ، مێردیشم ناویٚ. تۆ بڵێی من کیٚم؟ دایکم، باوکم، کچم، نووسەرم. خێزانم دەڵیٚ بەتەنیام حەز دەکەم منداڵێکمان هەبیٚ. پێوەی دەخافڵێم، دەڵێم با منداڵێکمان هەبیٚ پێوەی بخافڵێی، چاوەڕوانی من دەکەن. دەڵێم باشە بەیانی باسی دەکەین. خودا گەورەیە جاریٚ بنوو. خەو لە چاوم دەزڕیٚ. ئەگەر بەیانی لە دایرەکەیان بێتەوە و من ببینیٚ چەندە خۆشە بەرەو پیلی بچم و عەلاگەکانی لێوەردەگرم و دەڵێم، نا نابی قسە بکەم کچ دەبیٚ لە ئاست باوك و دایکیدا ورتەی نەیەت. تەنانەت هەمیشە. دەگریم دەڵێم پیاوەکە لەو شارە غەریبەدا و بیٚ کەس و تەنیایی شێتی کردم. من پێم خۆشە بڵێم ئاخر منداڵ خەرجی هەیە پاشان بۆچمانە. لە جێگاکەم دێمە دەریٚ و دەچمە حەساریٚ، دەزانم خێزانم بەخەبەرە. دەچمە

نێو فریزەکە و لەسەر کورسییەك دادەنیشم. ئارەقە بەنێو دەڤی شانمدا ڕێچکەی بەستووە بەرەو .. لەو گەرمایەدا. شەربەتێکی ساردم بۆ دادەنیّ و چاوم لێدەکا. دەڵێم دنیات پیّ خۆشە. چاوی دەبریسکێتەوە، دەڵێم پەلە مەکە با گەورە بی. جا دەزانی چ کەر کەرێنێکە. تف لە.. ئەستەغفیرەڵڵا. بە من چی؟ کزەبایەکی سارد.. خۆزگە، ئێستا لە بۆکان بوایەم. دەیەویّ بەو نیوە شەوە چی بۆ بلێم. دەڵێم لەدایك بوون، جۆریك بازدانە لە خۆت. هەڵاتنە بەرەو مردن، گریانت بۆ خۆتە و کەس ناناسی. دەزانم زەق زەق لێم دەڕوانیّ و گاڵتەی بە قسەکانم دیّ. چ. ش. ش مندالی بیّ سفەت. منداڵ کەنگیّ ئەمەکی بووە یەکیان بە خۆم. دەبیّ زوو بخەوم، بۆ ئەوەی زوو هەستم. لێم گەڕیّ، ئەسڵەن بە تەمای چی؟ من هەر .. خۆزگە. هەستە با بنووین. باوەشی پێدا دەکەم. مەلۆتکەیەکی زۆر وردە. چاو لە چاوی دەکەم پرتەپرتیش ناکات. سەر لووتی ماچ دەکەم. دەڵێی بەچکە پشیلەیە سەگباب. دایکی دەڵیّ لێی گەڕیّ با هەڵنەستیّ شەوی ئەوشەو نەیهێشتووە من بخەوم هەر گریاوە، ماشەڵڵا تۆش دەڵێی مێشێکت میوان نییە. پرخەت ڕۆژە ڕێیەك دەڕوا. دەبەس چاولێکە هەستە دایرەکەت درەنگ دەبیّ. هەڵدەستمە سەر پیّ و جانتاکەم هەڵدەگرم و دەڕۆمە دەریّ، بەڵام تا دێمەوە هەر دەموچاویکی ورد ورد لەبەر چاومە و مێشکم ختیلکە دەدات. دەڵیّ: دەی نەتگوت منداڵمان بیّ؟ دەڵێم نا. بنوو. با یەکێکی دیکەش بەو کاولبووە .. دیسان

دەگری. ئەوە بۆتـە عـادەتی. دیسـان دەگـری. پشـتم تێـدەکات و منیش هەڵدەستم و جگەرەیەك دادەگیرسێنم.

٣١/ ٦/ ٢٠٠٧ هەولێر

## نیوکاتژمێر چیرۆك

ئەگەر حەز دەکەی بزانی ئەو چیرۆکە لە کاتژمێر چەنددا خولّقاوە، پێت دەڵێم سەعات(12)یە و من لە جێدام، خەریکە خەون دەبینم. ئەو ڕۆژەی (g) باوکم مرد. من شەوەکەی سەعات (12) برسیم بوو. بە (x) دایکمم گوت: (دایە برسیمە). گوتی (ڕۆڵە نانی نیوەشەو خراپە. ددان بە جەرگت دابێنە تا بەیانی) بۆ بەیانی (g) باوکم مرد. کە هەڵیانستاندم دەتگوت بە شەپ لە زگمیان داوە. قاڕ و قووڕی زگیشم سەمفۆنیایەکی وەڕی خستبوو. (x) دایکم بە چاویکی فرمێسکاوییەوە هەرای لێکردم: —هەستە باوکت ئەمری خودای کردووە. ئەمن بە پەلە دەستم لە چیرۆکنووسین هەڵگرت تا بزانم بۆ (g) باوکم ئەمری خودای کردووە، بەڵام لەو بە پەلە هەستانەم زۆر پەشیمان بوومەوە، چونکە باوکم مردبوو ئیدی پەلەی بۆ چییە؟ دوێنی شەوێ خەونم بە (k) و (z) برامەوە بینی. لە خەونمدا هێشتا گەورە نەببوون. خەریك بووین نانمان دەخوارد. (x) دایکم سفرەی ڕاخست. (k) گوتی من بە ڕووتی نان دەخۆم پێم وابوو تەنیا نان دەخوا و

پیخۆر ناخوا، بەڵام خـۆی ڕووت ڕووت کـردەوە و دانیشـت. دایکـم چاوی نووقاند. من بە شەرمەوە چاوم لە گیانی کرد. هیشتا تووکی لێنەهاتبوو. هێلکە گونـەکانی لەسـەر سـفرەکە دانـابوو قسـەی زل زلی دەکرد. من لە خەونەکەشمدا برسیم بوو. لە خەونەکەمـدا پـێم خـۆش بـوو هێلکـە بخـۆم. (z) دیـش بـە دوای (k) دا خـۆی ڕووت کردەوە و دانیشت. (g) بـاوکم مۆڕەیـەکی لـە مـن کـرد وەك بڵێـی ئیدی تۆ خۆت ڕووت مەکـەوە. مـن زۆر بەخۆمـدا شـکامەوە. یـانی (g) بـاوکم نـازانی مـن گـەورە بـووم و ئێسـتا خـەون دەبیـنم!؟ ئەسڵەن (g) باوکم منی لە بیر نـەماوە دەنـا دەزانـی مـن قـەت بـە ڕووتــی نــان نــاخۆم. (x) دایکــم لۆبیــای کوڵانــدبوو. کردبوویــە بڵۆتیکەوە و لە ناوەڕاستی سفرەکە داینا. چاوم لە چـاوی بڕیبـوو. چاوەکانی دەبریسکانەوە. بزەیەکی شەیتانیش لەسەر لیـوی بـوو. دەمزانی بیر لە چی دەکاتەوە. هێرش دەستی پێکـرد هەرکەسـەی بەپەلە بخوا، نا بدزێ، نا هـەڵگرێ، نـا نـازانم دەبـوو فریـای خـۆت کەوی. (g) باوکم زوو دەمی پڕ کرد لە لۆبیا و دەستی بە خـواردن کرد. (z) و (k) تێبەری یەکتر ببوون. (z) بە (k)دەگوت: (تـۆ لـە هیچمان ناچی تۆ کوڕی باوکم نی. تۆ زۆڵی.دەبێ نان نەخۆی). من ڕقم هەسـتا هـەمووی خـەتای (x) دایکـم بـوو. (x) دایکـم نایـەوێ ئێمـە نـان بخـۆین (x) دایکـم لـە ئەسـڵدا، دایکـم نییـە ژنـی ئـەو جیرانەمانـە هـاتووە بۆتـە دایکـم. (g) بـاوکم دەڵـێ (ئیـوە قـەت دایکتان نەبووە. لەوەتا وە بیرم دێ هەر ئەو ژنە ژنمـە)، بـەڵام بـە

پەلە قسەکەی دەبڕێ و بەسرتە پێمان دەڵێ: (ئەوەش دایکتان نییە. ئەوە ژنی ئەو جیرانەمانە کە ڕەدووم کەوتووە). دەچمە خەیاڵەوە دەمەوێ بیر لە (X) دایکم بکەمەوە، بەڵام لە پڕ چاوم بەلۆبیا دەکەوێ. پڕ بە پارووپەك ناندا دەکەم و دەمەوێ پڕی کەم لە لۆبیا ،بەڵام (k) بە کەوچك تێبەر سەرم دەبێ و پاشان کەوچکێك لۆبیا لە سەر ملم ڕۆ دەکات. من نازانم چۆن لۆبیاکە نەڕژێ. بە دەوری سەرمدا دەخولێمەوە. ئەو لۆبیایە مافی سروشتی منە. پاروەکە لە ملم هەڵدەسووم ،بەڵام لۆبیاکان هێندە نەرم بوون بە ملمەوە نووساون. دەچمە بەر 'ئاوێنە و بەئاوێنەیەکی دیکە چاو لە ملم دەکەم. لۆبیاکان چوونەتە ناو تووکی ملمەوە و وردە وردە خەریکن شین دەبنەوە. بڕێکی بیر لێ دەکەمەوە. لە جیاتی ئەوەی ئێستا پارووپەك بخۆم ساڵێکی دیکە تەلیسێکم لۆبیا دەبێ. کەوایە لیگەڕێ با شین بێ. دێمەوە ژووری نان خواردن، بەڵام کەس دیارنییە. نە سفرەی لێیە نە کەس لەوێیە. ڕقم هەڵدەستێ. من برسیمە. (X) دایکم دەڵێ:(ڕۆڵە (g) باوکت ئەمری خودای کردووە). تەرمەکەی (g) باوکم لە ناوەڕاستی هۆڵێك دانراوە و خەڵکێکی زۆر ئاپۆریان داوە. بە گریانەوە بەرەو ڕووی دەچم . خەڵك ڕیچکەیەکی کردۆتەوە و من پێدا تێپەڕ دەبم. هێشتا نەگەیشتوومەتە لای (g) باوکم، ژانی برسێیتی بڕستم لێ دەبڕێ. ڕوودەکەمە خەڵکەکە و دەڵێم: (تۆ خودا لەتە نانێکم بدەنێ «. بەڵام خەڵکەکە ڕەش داگەڕاون و بە دەستە درێژەکانیان

بەرەو پێشەوە پاڵم پێوە دەنێن. من لەترێك لێدەدەم و لەبەر دەم دیواری خەڵك دەكەوم. هەڵدەستمەوە دەستەكانم وەك سواڵكەرێك ڕادەگرم و داوای نان دەكەم. یەكێكیان تفیكی زلم پێدا دەدا و دەڵێ (ڕوو ڕەش (g) باوكت لەوێ كەوتووە كەچی تۆ نانت دەوێ؟). من دەڵێم: »نانێكم بدەنێ دوایە(g) باوكیشم دەنێژم«. بەڵام خەڵكەكە تێكڕا سەریان ڕادەوەشێنن و دەست دەكەن بە سرتە سرت. پاشان تف بارانم دەكەن. من لە ژێر بارانی تفدا لە بەردەمیان دەگەوزێم و دەتلێمەوە. (W) نەنكم بێ نانی زۆری دیبوو. دەیگوت: (جارێكیان لەبەر بێ نانی پشیلەم خواردووە). من ئێستا بەپشیلەش ڕازیم. پشیلەیەك بە نێو لاقی خەڵكەكەدا دێ و دەچێ و بەنازەوە خۆ لە لاقیان دەخشێنێ. من دەمەوێ بیگرم. بەڵام خەڵك ناهێڵن. پشیلەكە هەڵدێ منیش بەدوایدا. پشیلەكە ڕێك بۆ لای (g) باوكم دەڕوا. من ناتوانم هەڵێم. دەكەوم. پشیلەكە دەچێتە سەر زگی باوكم و دادەنیشێ و چاو دەبڕێتە من. من بە گاگۆڵكە بەرە و ئەوان دەچم. ناتوانم. بەكێ بڵێم: (نان، نان، نان. من نانم دەوێ، نان) چاوم لە ڕەشەوە دێ. دڵم ترپەكەی توندتر بووە (ترپ ترپ ترپ) (نان). ئاو لە زارم دێتە دەرێ و بەلا لەغاوەمدا شۆڕ دەبێتەوە. دوو هەنگاوم ماوە بۆ باوكم. بە تەواوی هێز خۆم فڕێ دەدەمە پێشێ. لەبەر لاقی (g) باوكم دەكەوم. پشیلەكە بەسەر سەری مندا باز دەدا و دەرباز دەبێ. من چاوم دەقوچێنم. دنیا تاریك بووە. پێم وابێ لە برسان مردووم. (g)

باوکم هەڵدەستێ و خەڵکەکە چەپڵە لێدەدەن. بژی بژی شانۆیەکی جوان بوو. لامپەکان هەڵدەکەن هەموو دەڕۆن کەلاکی من لەسەر سێنەکە ماوەتەوە. وەخەبەر دێم. سەعات 12:30 خولەکە و من هەروا لە نێو جێگاکەمدا گینگڵ دەخۆم و خەوم لێناکەوێ و چاوەڕێی دایکمم بێت و پێم بڵێ باوکت مردووە.

هەولێر – ڕووناکی – 2006

## ئاھ زامزا*

چاوە مەستەکانم دەبڕمە پەرداخە بیرەکە. تۆقلە بچووکەکان بە پەلە دێنە سەرێ. بەری دەستم لە تەنیشت پەرداخەکە، لە سەر مێزەکە لێك بڵاو دەکەمەوە و ساردیی مێزەکە هەست پێدەکەم. چاوم دەقوچێنم. هێواش بە سەر قامکمدا هەڵدەگەرێ. لە تووتەوە بۆ برای تووتە. بە خێرایی دەستم وەردەسووڕێنم و دەیگرم. چاوی لیّدەکەم.دەیناسمەوە زامزا؟

سیدیەکە دەخەمە سەر ویدیۆ سیدیەکە و ولۆمی فوول دەکەم. تارایەکی سوووریان پێداداوە. میرزا برایم دەستی ڕاستەی گرتووە و براکەشی دەستی چەپەی. گرێگۆر دەخەمە نێو پەرداخە بیرەکەوە. دەستی کردووە بە مەلە کردن.

زاوا دەستی دەگرێ و سواری ماشێنەکەی دەکات. بۆ چرکە ساتێك ئاوڕ دەداتەوە. شڵپە شڵپ گرێگۆر. شڵپە شڵپ گرێگۆر. لێوم لە سەر لێواری پەرداخە کە دادەنێم و نیوەی پەرداخەکە دەخۆمەوە. خۆی بە تاڵێکی سمێڵمەوە هەڵدەواسێ. بە دەستم پاڵێکی پێوە دەنێم و دەیخەمەوە نێو بیرەکە.

دادەبەزیٚ .لە پێشی سەما دەکەن. منیش سەما دەکەم. تۆش گرێگۆر وەرە سەما بکە. وەرە سەما بکە. من سەمای فلامینکۆ دەزانم. سەمای بالەش دەزانم. دەتوانم سەمای عەرەبیش بکەم. تۆ چی دەزانی گرێگۆر؟ وەرە با داغە هەڵپەڕین، دەیزانی گرێگۆر؟ پارەی بەسەردا دەبارێنن. لە پشتەوەی بووك لە لای دیوارەکە منیش لەوێم. چاوت لێیە گرێگۆر؟ ئەوە منم ملم خوارکردووەتەوە و سەیری بووك دەکەم. ئەریٚ گرێگۆر پێم بڵیٚ ژنت هێناوە، یان ؟

سەرچۆپی گرتووە. دەیناسییەوە گرێگۆر؟ باوکمە. کەواپانتۆڵەکەی تازە ئوتووکراون. من ئوتووم کرد لە بیرتە گرێگۆر؟ ئینسان دەبیٚ لە شایی باوکیدا شتێك وەئەستۆ بگرێت گرێگۆر. تۆ قەت لە شایی باوکتدا هەڵپەڕیووی گرێگۆر؟ نازانی چ تامێکی هەیە ، تامێکی تاریك تاریك.

یەکەم شتێك کە سەرنجی ڕاکێشام مەمکی بوو. بەقەت بەقەت بەقەت چ بوو گرێگۆر؟ پێم خۆش بوو دەستێکی لێدەم، پاشان سمتی. چاوت لێیە هەر سەیری بووك دەکەم. سەرمات نەبیٚ گرێگۆر؟ بۆ قسەیەك ناکەی؟ سەرت زوو زوو بهێنە دەریٚ با ئاو نەچێتە نێو گوێچکەکانتەوە. هێندەش مشە مش مەکە خۆ تۆ باوکم نی لە شەوی زاوایەتیدا؟

دیسان بیرەکە بە لێومەوە دەنێم. ببورە گرێگۆر. ببورە حەوزەکەت خەریکە دەگاتە سەر چۆکت. بەڵام ئەو بیرەیە تامی گۆڕاوە چت تێکردووە گرێگۆر؟ نا تۆ ناتوانی کاری وام لە گەڵ

بكەی؟ تۆ دەتوانی؟ ئـەو دەنگـی تـۆ نییـە، دەنگـی منـیش نییـە. دەنگی باوەژنمە کە دەقیژێنیٚ. بقیژێنە باوەژن. بقیژێنە چونکە تۆ دەبوایە ژنی من بوایایەی، بەڵام تۆ ژنی مـن نـی. ئـاه ببـورە زامـزا ماندیم کردی .

وەرە دەریٚ وەرە با سەرمات نەبیٚ. وەرە نێو مستمەوە. ئـەوە بۆ ئاوا دەلەرزی. سارد بوو بیرەکە؟ بمبوورە زامزا. با ئـەو نەختـە بیرەیەش بخۆمەوە وشکت دەکەمەوە. دە قسـە بکـە ئـەوە بـۆ لـە جووڵە کەوتی؟ نـا مـەمرە تکایـە؟ مـن هەڵـەم کـرد . هەڵـەم کـرد. گرێگۆر باوکم لە جووڵە کەوت . باوکە . من نـەم دەویسـت بتکـوژم .من تەنیا دەمەویست بترسێنم. دەمەویست لە کۆڵم بییەوە. ئا لـە کۆڵم بەوە باوکە. وەرە بـیرە بخـۆوە. ویسکیشـمان هەیـە. تـۆ کـە مەست دەبی چاوت چەندە خومارە باوەژن. دەڵێـی چـاوت دەڵێـی چاوت لەچی دەچیٚ ؟ لە مانگ .وەرە سەرکۆشم . ناز مەکە دەزانم حــەزت لەوەیــە لێـوی کـورێکی هاتەمــەنی خـۆت بمـژی. چـاوت بقووچـێنە گرێگـۆر. بـۆ ســەیرم ناکــەی گرێگـۆر؟ ئــاوڕ بــدەوە گرێگۆر. کیٚ لە وێیە؟ ئەی هاوار گرێگۆر مردووە.

لێم مەدە سە رکـار، ئـەو سـەتڵە پیسـە لـە سـەر سـەرم لابـەرە سەگباب. ئەوە حەوزی گرێگۆرە .هەمووی خەتای ئێوەیـە گرێگـۆر مرد.

*زامزا کارەکتەری رومانی بەدگۆرانی کافکا.

گرتیانم. هاتنە ژوورێ. چاویان کردمەوە. چاوم بە شەوارە کەوتووە. ژوورەکە بە ڕۆژنامە قەڵاچن کراوە. سێبەریکی کەتەی بەخۆوە لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە، تیشکی پشت سەری نەیدەهێشت دەموچاوی دیار بێ. تەنیا سێبەریك بوو. بە سەرمدا نەڕاندی، بە زمانی خۆش بڵێ سەر بە چ لایەنێکی ........ دەکەونە گیانم. بە کێبلێ و شەق. گوێم لە دەنگی ناڵەی دیکەشە. چەند سەعاتە تەنیا لێدان. خوێن لە دەمولووتم دێتە خوارێ. هەست دەکەم دەست و لاقم ئی خۆم نییە، لە ناوەڕاستی ژوورەکە کەوتووم. هەروا بە شەق لە زگم هەڵدەدەن. سەرم لە گێژەوە دێ، لە دوورەوە گوێم لە دەنگی زەنا زەنایە. سێبەرەکان دەڕۆنە دەرێ. لەسەر گازەرەی پشت ڕادەکشێم. هەست بە ڕاکەڕاکە و تەقە تەقێکی زۆر دەکەم. پشێوی دەبارێ. نازانم چ باسە. ترس لە دڵمدا دەگەڕێ. سێبەرێك دێتە ژوورێ، چاوی گرە، ڕۆژنامەکان تا بن میچەکە لەسەر یەکتر هەڵچنراون. دەنکە شقارتەیەك دەردینێ............. بەدەنگی شقارتەکە دادەچڵەکێم. کابرای سەلمانی دەڵێ: (هەی بێ قەزابی مامۆستا گیان، ئەوە بۆ ترسای؟

دەمەویٚ ئەو مووانەی پشت گوێچکەت بسووتێنم) چاوم لە دەستە تووکنەکانێتی، وەرمدەسووڕێنن. دامدەنیشێنن، یەکیان ڕۆژنامەیەك هەڵدەگریٚ.

گرتیانی. پیاویك لە سێبەرەکان دەڵێ: بیخۆ. نایخۆی. تێت بەر دەبنەوە. بە ناچاری دەست دەکەی بەجوینی. تامی ویشکی کاغەز و تاڵایی مەرەکەب لە گەرووی پڕ خوێنت ژەهری مارە. سێبەرەکە دەگوڕینیٚ، هەمووی دەرخوارد دەن، هەر هەمووی دەبیٚ بخۆی. لەسەر سەرت ڕاوەستاون. زگت وەژان کەوتووە. ڕیخۆڵەت ئازارت دەدات. ڕووت تێدەکا و دەڵێ: (زەحمەت نەبیٚ سەرت داخە. سەرت دادەخەی، دەنگی مقەستەکە لە پشت سەرت و بن گوێچکەتە).

هەرچی هەبوو هەموویان برد. تا نەهاتنە سەرتان نەتانزانی. دەزانن بەرەو کوێتان دەبەن. لەناو سەیارەکەشدا هەر چەپۆك و مستەکۆڵە بارانتان دەکەن. داتاندەبەزێنن. هەمووتان وەبەر باتوم و شەق دەدەن. هەر یەکەتان فڕیٚ دەدەنە ژوورێکی تاریکەوە. دەرەکەتان لەسەر دادەخەن. دەستێك بە جەستەت دادینیٚ، دەڵێی تازە سووتاوە. وەستاکە ڕووت تێدەکا: (پیرۆزە). دێیتە دەریٚ. کزەبایەکی سارد هەڵی کردووە. تەزوویەك بەگیانت دادیٚ. دەڵێی پۆلوویەکی سارد دەبیتەوە. ئەو ڕۆژەت کەوتۆتەوە بیر لە زیندان سەریان تاشی و بەو زستانە حەمامی ئاوی ساردیان پیٚ کردی. کۆتەکەت زیاتر لە خۆت دەهاڵێنی. دەڵێی گوڵی بەفر لە

هەناوتدا دەڕویٚ.  گرتیان. پەیژەیەك بەدیوارەكەوەیە. دەست بە پەیژەكەوە دەگریٚ و دەیەویٚ وەسەركەویٚ. پەیژەكە گڕ دەگریٚ. گڕ و دووكەڵ هیٚرشی بۆ دیٚنن. ئەو خۆی دەگەیەنیٚتە بەر دەركە. بە مست لە دەرگاكە دەدا. بە نووزەنووز هاوار دەكات. ئاگر پتر تینی بۆ دیٚنیٚ. تاقەت ناهیٚنیٚ. بیٚهۆ ش دەبیٚ. ئاگر جەستەی لوول دەدا. لە ئاویٚنەكەی پیٚش خۆیەوە، سەیری ئاویٚنەی پشت سەری دەكات. ژاوە ژاوی نیٚو دوكانی سەرتاشخانەكە وەڕەزی دەكەن. — ببوورە لە سەرتاشخانەم، باش بوو لابتۆپەكەم پیٚیە، ئاووهەوای لای ئیٚوە چۆنە؟ تائیستا لیٚرە باران نەباریوە. ئەو تیشیٚرتە جوانە چییە لە بەرت كردووە غەزەب؟ لە ئاویٚنەكەوە چاویكی لیٚ دەكات. كوڕیٚكی گەنجە بە لابتۆپیٚكی ڕەشەوە. دەنگی مقەستەكە هەروا لە پشت سەریەتی و ئەویش چاوی لە پەڕۆ سپییەكەی سەر كۆشیٚتی، كە پڕ بووە لە قژی ڕەش و سپی. گوتی: ئەو شەو تا بەیانی دەبیٚ ڕۆژنامەكە ئامادە بكەین بۆ ئەوەی سبەی بگاتە دەست خەڵكی. گوتی: دەبیٚ تا دوو حەوتوو كەس لە ماڵی خۆی نەبیٚ. هەموو خەریكن. لاپەڕەكان دەستە دەستە دەخریٚنە نیٚو یەك و ڕۆژنامەكان لەسەر یەكتر دادەندریٚن.

٢٠٠٩ هەولیٚر

## ئەو کۆڵانەی کە شەقام دەفڕێ

حەز دەکەم بتوانم وەك جاڵجاڵۆکە بـە دڵـی خـۆم بجووڵێمـەوە، بەڵام وابزانم دەبوایە ئەو خەونەم بە جیـا دیتبایـە، چـونکە ئێسـتا مامۆسـتام و دەبـێ چـاوەڕێ بم چـوار چـیرۆکم لەلایـەن قوتابییەکانـەوە بـۆ بێـت. پەڕۆیـەکی ڕەش لەسـەر دەموچـاوم دادەنێم بای هەناسەم پەڕۆکە دەلەرێنێتەوە. هەڵدەستم و دەچمە ژووری ئاوێنە. لە ناوەڕاستی ژوورەکە چـوار مەشـقی دادەنیشـم و چـاوم دەقووچـێنم. خشـە خشـێك دێ. پرمەیـەك، یـەکیان دەڵـێ پێبکەنن قاقایەك... دریـژ، ئەسـتوور، پـان. خـڕ. نـەرم، بەپشـت ملمـدا شـۆڕدەبێتەوە نێـو پشـتم. سـەیرە ئـەوە قاقایـە، یـان ڕشانەوەیە. چاو هەڵدێنم ئاوێنەکان هەموویان دوو چاویان هەیـە و چـاوم لـێ دەکـەن. هـەموو پێکـەوە قاقـا پیدەکـەنن. دەنگـی قاقاکـەیان دەڵێـی سـەدان بـزن پێکـەوە قاقـا پێدەکـەنن. تونـد گوێچکەم دەگرم و دێمـە دەرێ. دەنگـی مۆبایلەکـەم دەبـێ ئێسـتا ڕامچـڵەکێنێ. دەنگـی مۆبایلەکـەم ڕامدەچـڵەکێنێ. ئەلفـە. دەڵـێ مامۆستا وا بۆ ئەو چیرۆکەی تۆ دەچم ئەو پیاوە نوێنەری مرۆڤە و پەڕۆکە نەزانینە. ئاوێنەکان زانینن، ئەو کابرایە ناتوانێ لە بەرانبەر

ڕاستییەکانی چواردەوریدا خۆ بگرێ و هەڵدیتەوە نێو نەزانییەوە.
چاو لە کاتژمێرەکە دەکەم. من و خێزانم هەردووکمان کوردی ڕۆژهەڵاتین و لە باشوور قوتابی زانکۆین، من لە گۆڤارێکی ئەدەبی ئیش دەکەم و خێزانم لە ڕادیۆیەك ئێستا ئەو لەسەر کارە و من چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەوم. دەستم داوەتە قەڵەم و دەمەوێ خۆم بنووسمەوە، بەڵام ئێستا کاتی گەڕانەوەیەتی. لە ئێوارەوە تەماتە و کولەکەم قاش قاش کردووە، بەڵام دەستم بۆی ناچێ و پێم خۆشە پێکەوە بیخۆین. تەلەفۆنم بۆ مۆبایلەکەی کرد، گوتی شارژم تەواو بووە و ناتوانم زۆر قسە بکەم. ئەو هەموو کاتێك لە بیری دەچێ مۆبایلەکەی شارژ بکات. من جارێ چاوەڕێم، بۆیە دیسان چیرۆکەکەم درێژە پێدەدەم تا ئەو دێتەوە و نان دەخۆین.
بە پەڕۆیەکی ڕەش دەموچاوی داپۆشیوە. بای هەناسەی بە هێواشی پەڕۆکە دەلەرێنێتەوە. لە پڕ پەڕۆیەکە لەسەر دەموچاوی لادەبا و هەڵدەستێتە سەر پێ. بەرەو دەرگاکە دەچێ و لە ژوورەکە دەڕواتە دەرێ و یەك ڕاست دەچێتە ژووری ئاوێنە.
دەرگاکە دەکاتەوە، دەچێتە ناوەڕاستی ژوورەکە. چواردەوری ئاوێنەیە. چاو لە چوار دەوری دەکا و خۆی لە چواردەوریدا دەبینێ. چاو لە بن میچەکەش دەکات و خۆی دەبینێ کە چاو لە میچەکە دەکا و چاو لە ئەرزەکە دەکات و خۆی دەبینێ کە چاو لە ئەرزەکە دەکات. نازانێ چ دەکات. دێتە دەرێ و دەچێتەوە شوێنی پێشووی و پەڕۆ ڕەشەکە بە دەموچاوی دادەدات. ئەو

تەنیا دوو ژووری هەیە ژوورێك كە كورسییەكی تێدایە و ژوورێك كە هەمووی ئاوێنەیە.

ڕوو دەكەمە قوتابییەكان دەڵێم. ئەوە ئەو چیرۆكەیە كە دەبێ درێژەی پێبدەن. من دەمەوێ سبەینێ كە هاتمەوە. چوار چیرۆكم بۆ خوێندنەوە هەبێ. لە كلاسەكەم دێمە دەرێ و سواری تاكسی دەبم و دێمەوە ماڵێ. دەچمە ژوورەكەی خۆم و لەسەر كورسییەكەم دادەنیشم و پەڕۆیەكی ڕەش بە دەموچاوم دادەدەم. بیر دەكەمەوە. ئەمن بنەماكانی چیرۆكم بۆ شی كردوونەتەوە و ئەوان دەزانن دەبێ چیرۆكیك چ تایبەتمەندییەكی هەبێ . پاشان باشترین چیرۆكەكانمان پێكەوە خویندۆتەوە و شیمان كردوونەتەوە. تۆ بڵێی سبەینێ چیم بۆ بێنن؟ من زۆرم هیوا پێیانە. پەڕۆكە لەسەر دەموچاوم لادەبەم و بەرەو دەرگاكە دەچم و دەیكەمەوە و ڕاست دێمە دەرێ و دەچمە ژووری ئاوێنە. چاو لە چواردەوری خۆم دەكەم. لە هەر چوار لاوە من دیارم. چاو لە بن میچەكە دەكەم. لە بن میچەكەدا خۆم دەبینم. چاو لە ئەرزەكە دەكەم لە ئەرزەكەدا خۆم دەبینم. چاوەڕیم جووڵەی دوای ئەوەم دەبێ چی بی؟ دیمە دەرێ و دێمەوە سەر جێگای خۆم دادەنیشمەوە و پەڕۆیەكە بە دەموچاوم دادەدەم. بە دەنگی مۆبایلەكەم ڕادەچڵەكم، پەڕۆكە لادەبەم و چاو لە ژمارە تەلەفۆنەكە دەكەم. ئەلفە، دەڵێ ئەلۆ دەڵێم بەڵێ فەرموو. دەڵێ مامۆستا من ناتوانم درێژەی ئەو چیرۆكە بنووسم. پێكەنینم دێ. دەڵێم بۆ ناتوانی. دەڵێ ئاخر من قەتم هیچ نەنووسیوە. دەڵێم باشە بۆ بەشداریت لە كلاسی چیرۆكنووسیدا كرد. دەتتوانی لە

کلاسی مەلەوانی، یان بەرگدووریدا بەشداری بکەی، یان ببی بە فیتەر. دەڵێم ئێستا من دەبێ چ بکەم؟ دەڵێ مامۆستا، باوکم بە زۆری منی بۆ کلاسەکەی تۆ نارد. من حەز ناکەم ببمە نووسەر. تەلەفۆنەکەم دادەخەم. لە پێشدا گوو بە قەبری باوکم، چونکە کلاسم بۆ تۆ دانا، پاشان گوو بە قەبری باوکت کە بە زۆری دەتکات بە نووسەر. دەست دەدەمە کتێبێك و هەروا هەڵیدەدەمەوە. چاوم وشەکان نابینێ. دەنگی قوتابییەکە لە گوێچکەمدا دەزرینگیتەوە. لە پڕ چاوم بە وێنەیەك دەکەوێ. کابرایەك لە ژوورێکی ئاوێنەدا بەسەر سوڕمانەوە ڕاوەستاوە و چاو لە خۆی دەکات. نامەوێ بزانم ئەو کابرایە کییە و لەوێ چ دەکا و بۆ وا حەپەساوە. پاش ماوەیەك دەگەڕێمەوە لاپەڕەی وێنەکە وا دیارە لاپەڕەکەم ون کردووە. بیست لاپەڕە لەو نزیکانە بە دوو قامك دەگرم و لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵیدەدەمەوە لاپەڕەی یەکەم و دووەم و سییەم و چوارەم و تا زۆر. ئەو وێنەیەم لە دوایین لاپەڕە دابینی. کابرا لە ژوورەکە نەماوە و تەنیا چواردەورێکی ئاوێنەکار لە وێنەکەدا دیارە. من ئێستا کابرام دی بە سەرسوڕمانەوە چاوی لە چواردەوری خۆی دەکرد. لەوانەیە لاپەڕەکەم هەڵە کردبێ. دادەنیشم و دە لاپەڕەی دیکەش هەڵدەدەمەوە، بەڵام هیچ وێنەیەکی تێدا نییە.

هەولێر – مەنتکاوە ٢٠٠٧/٠١/٨

## مریەم

ئەو ڕۆژەی تەرمی نادریان هێناوە، گەڕەك شێوا. بە ئاڵای ئێران تەرمەکـەیان داپۆشـیبوو. مـن نەمـدەزانی چ باسـە، دایکـم گـوتی لەشەڕی ئێران و عێـراق کـوژراوە . وەك هـەمووان سـەیری شـین و ڕۆڕۆی خەڵکم دەکرد . حەزم دەکرد زوو کۆڵان چۆڵ بکەن و بـڕۆن و دیسان خەریکی حەوت سەنگێن ببینەوە، کەچی لـە پـڕ تـۆم دی خۆت بەسەر تەرمەکەدا دا . پرچت دەڕنی و کۆڵمەت دەڕنی و دڵی منیشت دەڕنی.

گوتیان مریەم گراوی نادر بووە و ئێستا لەتاوان خەریکـە شـێت دەبێ، من تاسا بـووم و سـەیری تـۆم دەکـرد چـۆن مەمکـەکانت و سینەوبەرۆکت لەو تابووتە دەخشـێنی . چـەند کـەس بـەزۆر ڕایـان دەکێشـای و جیایـان دەکردیـەوە، خۆزگـە مـن نـادر بۆایـەم و لـە شەڕی ئێران و عێراق سـەرباز بوایـەم و بکوژرابـام و تـۆ وات بـۆمن بکردایە.

چەند مانگ پاش ئەو ڕووداوە نەهاتییە بەردەکە و یەکەم کـەس کە تۆی بینی من بووم. کە هاتییە دەرێ جلێکی ڕەشـی قـەترانیت لەبەردابوو.

کۆڵمەکانت تێك قۆپابوون و چاوەکانت بـەقووڵ دا ڕۆچـووبوون، دەتگوت مردووی و لە گۆڕستان هاتوویەتیە دەرێ، من چۆکم شـکا . هێزم نـەما سـەیرت بکـەم. بەرانبـەر دەرکـە سـوورەکەی ماڵتـان ڕاوەستابووم و سەیرم دەکردی، بەڵام تۆ منت نەدەدی، هـەروا بـۆ چەند چرکەیەك سەیری کۆڵانت کرد و ڕۆیشـتی، مـن بـانگم کـردی، بەڵام دەرکەت داخست و چوویەوە ژوورێ، خۆم پێ ڕانـەگیرا و لـە دەرکەمدا، دەرکەت نـەکردەوە، بەمسـت لـە دەرکـەم دا، دەرکـەت نەکردەوە، گریام و نەڕاندم دەرکەکەتم لێ بکەوە.

لـەپڕ هـۆڕنی ماشـینێك وەئاگـای هێنامـەوە، لەناوەنـدی کۆڵـان ڕاوەستابووم و بە واقوڕماوی سەیری دەرکـەی داخراوتـانم دەکـرد. چەند ڕۆژ دواتر ئێمە ماڵمان لـەو کۆڵانـە و لـەو شـارە و لـەو وڵاتـە باری کرد و ئاخر شتێك کە لە مێشکی منـدا لـە تـۆ مـاوە دەرکـەی داخراوی ماڵەکەتانە.

گەرمی قسەین.

دەڵێ – مریەمت لەبیرماوە؟

دەڵێم – بەڵێ.

دەڵێ — ماوەیەك لەوەپێش بە نەخۆشـی لـە نەخۆشـخانە مـرد. دەتاسێم .

ئـەو ڕۆژەی بـەبیانووی ژێرکردنـەوەی خۆشـکەزاکەت سـەمات دەکرد و ئەو پێت پێدەکەنی من عاشقت بووم، من لە کونی کلیلـی

دەرکەوە سەیرم دەکردی و تۆ نەتـدەزانی سـەیرت دەکـەم، بـەڵام من عاشقی چاوشینەکانت و قژە کاڵەکەت بووم.

پێـت دەڵـێم دادە، بـەڵام لـە دڵـەوە نییـە، عاشـقتم و نـاوێرم دەریببڕم. دەزانم پێك ناگەین. پێنج ساڵ لەمن گـەورەتری و تـامن جحێڵ دەبم تۆ دەمێکە مێردت کردووە.

ڕۆژێك پێم گوتی تۆ بـۆ دەڵێـی ئـەورووپی؟ تـۆش وەك قسـە بـۆ منداڵێك بکەی بزەیەکت کرد و گوتت باشە بەقوربان پێت خۆشە لە ئەورووپی دەچم ؟

من لەو قسەیەت سوور هەڵگەڕام و سەرم داخست. گوتم ئەی بۆ ئێمە قژمان ڕەشە و چاومان شین نییە؟

دیسان گوتت حەزت دەکرد وەك من بوایەی؟ من لەتاوی ئەوەی نەم دەزانی چۆن وەڵامت بدەمەوە هەستام و هەڵاتم.

هێدفۆنەکـەم لـە گـوێ کـردووە و دەنگەکـەیم فـوول کـردووە و خەریکم ماشین لێدەخوڕم. لەسەر تراکتی شەشی دادەنێم.

خـۆم کرماشـانی فارسـی نـەزانم. وەزوانـی کـوردی قـەزات لـە گەیانم. شەوچرای دیوەخانمی.گوڵ وەنەوشەی...

من و نەنکم لەپەنجەرەکەی بەرانبەر بـە شـەقام ڕاوەسـتابووین. مـن تـازە پێدەگەیشـتم و دەمزانـی عاشـقتم و ئـەو گۆرانییـەم پـڕ دەنگ کردبوو، ژوورەکە دەنگی دەدایەوە.

نەنکم گوێی گران بوو، بەڵام هێندەم دەنگدا بویێ ئەویش گویێ لـێ بـوو و مـەلی خـەیاڵی لەگـەڵ دەنگەکـە فڕیبـوو، کـە گەیشـتە شەوچرای دیوەخان بزەیـەکی کـرد و گـوتی شەوچـرای دیوەخـان. زوو دووقڕانییەکـەم کـەوت. گـوتم نەنـە چـیت وەبـیر دەخاتـەوە؟

گوتی کوڕم شەشت و پێنج ساڵ لەوەپێش کچێکی پازدە ساڵە بووم و کوڕی ئاغا عاشقم ببوو. گوتم باشە بۆ مێردت پێی نەکرد؟ گوتی ئەوە حەکایەتێکی دورودرێژە. ئەو دەستی بەگێڕانەوەی چیرۆکی عەشقێکی کۆن کرد و من لەگەڵ گۆرانییەکە (خاڵی ناوسینەت سەر وەلیم شێواند) سەرم لێشێوا . خاڵی ناوسینەت... بڕوابکە سەری لە تەواوی دنیا شێواندووە.

بەیانی زوو دەچووم بۆ قوتابخانە و تۆش بەردەرکەی ماڵێت دەشۆردەوە، داهاتبوویەوە و ئەرزەکەت دەماڵی.

جووتێك مەمکی سپی توورت سەرنجی ڕاکێشام . چاوم لەنێو مەمکەکانتدا حەپەسابوو. توانای ڕۆیشتنم نەمابوو، سەرت هەڵێنا و زوو قیت بوویەوە و گوتت مام پیاو چۆنی؟ ئەوە دەچی بۆ قوتابخانە؟

من تفی نێوزارم بەزەحمەت قووت دا و بەلالەپەتەیی گوتم بەڵێ و ڕۆیشتم.

نازانم چۆن گەیشتمە قوتابخانە و چیم خوێند، لەبیرمە مامۆستا باسی وزەی دەکرد و منیش لەوەبیر هاتنەوەی مەمکەکانت وزەم نەما و بەسەر مێزەکەدا تلیسامەوە. نەمزانی ئەو وزەیەی مامۆستا دەیگوت لەچی دروست دەبێ و بەچی تەواو دەبێ، بەڵام دەمزانی هەرچی وزەی هەمە دەیدەم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مەمکەکانت ببینمەوە.

## لاقیێك بۆ (پ.م)

دەسکی چێوشەقەکەی بن هەنگڵت هێندەت پـە ڕۆ تێهاڵانـدووە دەڵێی گۆپاڵە، بە شەلە شەل خۆت دەگەیەنیە بەر دەرکی پرسگە، عەوڵا سوور نیگابانە، بـە دیتنـت بزەیـەك دەکەوێتـە سـەر لێـوی و دەڵێ: مام فەتاح خێرە بـە خـۆت و بـە توورەکەکەتـەوە دیسـان و دیار کەوتێوە؟

پشووت سوار بووە، لەسەر بـەردی پـێش پرسـگە دادەنیشـی و دار شەقەکەشت لە پەنا لاقت درێژ دەکـەی. تفـی نێـو زارت قـووت دەدەی و دەڵێی: کاك عەوڵا گیـان ئیشـاڵا ئـەو حەوتوویـە نۆرەمـە دەچمە بەغدا، برینی لاقم پیسی چڵك کردووە. ئارام و قـەراری لـێ هەڵگرتووم.

—دەی ئیشاڵا، بڕێك زوو هاتووی دەبێ چاوە ڕێ بی.

—پەلەم نییە.

عەوڵا سوور دەست دەکاتەوە بە هاتووچۆ و تۆش چاو دەبڕییـە ڕێگاخۆڵەکـەی پێشـت. تـا چـاو هەتـەر دەکـات چـۆڵەوانییە. لـە دوورەوە دەنگــی وڕە وڕی ماشــێنێك دێ، پاشــان بــە خۆشــی

وەدیاردەکـەوێ، جیبـە شـڕەکەی ڕەحمـانی سـەید زادەیـە. پـاش ماوەیـەکی زۆر دەگەنـە ئـاوایی و لـە پـێش تـۆ رایـدەگرێ.باوکـت دادەبەزێ، چەند توورەکە و نایلۆنی بە دەستەوەیە، بـەرەو پـیری هەڵدێی. باوەش بـە لاقـی دادەکـەی. توورەکـەکان دادەنێتـە سـەر ئەرزی و لە باوەشـت دەکـات. فـەتاح گیـان ئـەوە بـۆ لێرەی؟چـاو لەچاوە پڕ چرچ و لۆچەکانی دەکەی و دەڵێی بابە چیت بۆ کریوم؟ باوکت بزەیەکی تاڵی دێتە سەر لێوی و بە دەنگێکی لەرزۆك دەڵێ: وەڵا لە بەر شت کرین بۆ ماڵی ئاغا فریـای هـیچ نەکـەوتم بـۆ تـۆی بکـرم. جـارێکی دیکـە ئەگـەر چـوومە شـاری ئیشـاڵا شـتێکت بـۆ دەکرم. ئێستاش بچۆ بە دایکت بڵـێ تـا ئـەو شـتانە دەبەمـە مـاڵی ئاغا کەوڵەکە با راخا ئەوە لە برسان دەمرم.تـۆ بـە هـەڵاتن بـەرەو ماڵی خۆتان دەڕۆی و باوکیشت بە لۆژە لۆژ بەرەو ماڵی ئاغا.

عەولا سوور ڕووت تێدەکات و دەڵێ: مام فەتاح عیسمەتی کچت مێردی نەکرد؟

– ناوەڵا بابم مێردی نەکردووە، بزانین قسـمەت و نسـیبی چـۆن دەبێ، جارێ ئەوە بووکی بابی خۆیەتی.

– ئاگات لێیانە؟

– جار و بار نامە و وێنەم بۆ دەنێرن، شوکور باشن.

رەشایی ماشێنێك وەدیار دەکەوێ، لەو خۆڵە مرەیەی جادەکە، تۆزێکی سەیری وەرێ خستووە، بەرەو ماشێنەکە هەڵدێی دەگەیـە ماشێنەکە سیگناڵت بۆ لێدەدا و بـە تەنیشـتت دا تێدەپـەرێ و لـە

پێش دەرکی ماڵان رایدەگرێ. هەموو دادەبەزن، باوکت بێ تاقەت و ماندوو دیارە. بە تەما نییە یەکسەر بچێ بۆ ماڵی ئاغا و پێکەوە دەرۆنەوە ماڵی خۆتان. باوکت نەخۆشە و بێزاری بە دەموچاوییەوە دیارە. دایکت سەرینێکی بۆ دادەنێ و باوکت رادەکشێ. تۆ لە پەنا توورەکەکان دادەنیشی. باوکت لە ماندوویەتییان زوو خەوی لێ دەکەوێ و تۆش دەست دەخەیە توورەکەکەوە و ماشێنێکی پەلاستیکی منداڵانە وەبەر دەستت دێ، لە خۆشیان شاگەشکە دەبی. بە سینگتێوە توند دەگوشی و هەڵدێیە دەرێ. تا نێو دێ راناوەستی، دەتەوێ هەموو منداڵەکان بیبینن. تاریکانی ئێوارە کە دێیەوە، باوکت غەزەب لە چاوی دەبارێ. هەر دەتبینێ ، هەرات دەکاتێ و دەتگرێ. زللەیەك لە بناگوێت دەسرەوێنێ و دەڵێ: ئەو ماشێنەت بۆ کوێ برد، نازانی ئاغا سەد قسەی سووکی لە سەر تۆ پێ گوتم. کوا بزانم چت لێ کردووە. ماشێنەکەت لە پشت قوونت شاردۆتەوە بە ترسەوە دیهێنیە پێشێ و بە گریانەوە دەڵێی منداڵان لێیان شکاندم. باوکت لە داخان نازانێ چ بکات. چاو لە چاوە فرمێسکاوییەکانت دەکات و دەڵێ کوری خۆم ئەوەم بۆ کوری ئاغاکریبوو، ئێستا من چییان جواب دەمەوە؟ دەستێك بە کوڵمە سوور هەڵگەراوەکەت دادێنێ. جێی قامکەکانی دەبرژێتەوە. دەستێك بۆ روومەتت دەبەی. دەستت کۆڵە و قامکەکانت لە مێژە نەماوە. کوڵمەت بە دەستە کۆڵەکانت دەخورێنی و بزەیەك دەتگرێ. دنیایەکی سەیرە لەو

شەرەی دەستت ئاوای لێ بە سەر هات کوری ئاغا فەرماندە هێز بوو. ئێستا دەمێك ساڵە کوری ئاغا لە دەرێیە. ساڵێك هاتەوە و پەنجا یۆرۆی دایەی. دەڵێن لە دەرێش وەزعی باشە، گۆیا سۆپەر مارکێتێکی گەورەی هەیە. خۆمپارەکە لە بن تۆ وەعەرزی کەوت. کە وەئاگا هاتییەوە لە تاوی دەست ولاقت حەجمینت نەبوو، خوێنێکی زۆرت لێ رۆیشتبوو. کوری ئاغا لە سەر سەرت راوەستابوو، داهاتەوە و سەری ماچ کردی و گوتی: فەتاح گیان خەم مەخۆ ئیشاڵا چاك دەبییەوە ئێستا بە ئێستر دەتنێرمەوە بۆ سەرێ، کادرێکی دەرمانی برینەکەتی دەپێچاوە. چاوێکت لە کوری ئاغا کرد. سەیر چۆتەوە سەر بابی رەحمەتی، دەڵێی ئاغایە و لە پشت سەرت راوەستاوە و دەستوور بە پێشمەرگەکان دەدات. لە پرسگەوە عەولا سوور بانگ دەکەن. دەچێتە ژووری و پاش ماوەیەك بەرەو تۆ دێتەوە و دەڵێ: مام فەتاح ئێستا بێ سیمیان کردووە و دەڵێن با چاوەرێ نەبێ، ئەو حەوتوویە نۆرەی ئەو نییە. با بچێتەوە ماڵێ.

دەڵێی: بابەکەم پێیان بڵێ برینی لاقی چڵکی کردووە، بەشکوم بمنێرن. دەڵێ: مام فەتاح ئەوان هیچ کارەن، وەك من و تۆن، لە ئۆرگانی کۆمەڵایەتییەوە پێیان گوتراوە ئاگادارت بکەنەوە.شتێك لە دەروونت دا گر دەگرێ. هەڵدەستیە سەر پێ و دارشەقەکە وەبن هەنگڵت دەنێی. دەتەوێ بچییە ئۆرگان و بەخۆت قسەیان لەگەڵ بکەی. ماڵئاوایی لە عەولا سوور دەکەی و وەرێ دەکەوی.

خورخورئارەقەت لیّ دەتکیّ و خـۆڵی سـەر جادەکـەش لـە سـەرت دەنیشیّ، کونی چاویشـت بۆتـە خـۆڵ. بـە هـەر جۆرێـك بـیّ خـۆت دەگەیەنیە سەر جادە قیرەکە.

جاروبار ماشێنێك بـە لات دا تێدەپـەڕیّ. خووسـاوی، مانـدووی، بەڵام ناچاری هەر دەبیّ بچی، شەوانە لە تـاو ئـازاری لاقـت خـەوت نییە، لە خەو و خـۆراك کـەوتووی. برینەکـەی لاقـت دەڵێـی ئـاوری تێبەر بـووە.چـاوێك لـە لاقـت دەکـەی، پاتۆڵەکـەت هـەمووی پـەڵـە خوێنـە. دیـارە برینەکـەت کولاوەتـەوە. سـۆرایی ئارەقـەی لەشـت برینەکەت زیـاتر دەبرژێنێتـەوە.تـۆ هـەروا لـە سـەر جـادە قیرەکـە دەڕۆی، دەنگی تەقە تەقی دار شەقەکەت لە سەر جادە چۆڵەکەی بەردەمت دەنگ دەداتەوە.

## کتێبە چاپکراوەکانی

### مەڵبەندی گشتی– یەکێتیی نووسەرانی کورد

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| 1 | وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| 2 | بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| 3 | انگولوجیا الشعر الکردی | د. هیمداد حسین |
| 4 | انگولوجیا القصه الکردیه | د. هیمداد حسین |
| 5 | غمنوای کوهستان – داستان کردی | دکتر همیداد حسینی |
| 6 | ڕەنگدانەوەی کەلەپور لەڕۆمانی کوردیدا | د. ئیبراهیم حەسەن |
| 7 | ڕەنگدانەوەی لەیلاو مەجنون لەئەدەبی کوردیدا | د. خانزاد عەلی قادر |
| 8 | شارێك لە پێشوازی عەشقێکی نامۆدا – چیرۆك | سەبا ئەحمەد |
| 9 | ڕۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر– 1935–1975 | عەبدوڵڵا ئەنوەر (سمکۆ) |
| 10 | قصائد من غناج الگاووس و شراره | ترجمە: محمد |

| | | |
|---|---|---|
| | الغرنوق | حسين رسول |
| 11 | هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا | نیعمە قەرەنی |
| 12 | بولێڵ – کۆمەڵە چیرۆك | سەردار گەردی |
| 13 | بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی–دا | د. فەرهاد قادر کەریم |
| 14 | شیوەهای روایت در داستانهای کوتاه – جلال ال احمد و حسین عارف | رۆژگار محمد صابر |
| 15 | تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی عەبدوڵلا سەراجدا | رێزان رەحمان خدر |
| 16 | فەلسەفەی شیعرو شیعری فەلسەفی بەنموونەی شیعرەکانی رەفیق سابیرو کەریم دەشتی | د. سەنگەر قادر شێخ محمد |
| 17 | بنیه المکان فی روایتیی الجحیم المقدس و هیلانه | سالار تاوگوزی |
| 18 | الادیب ابن المستوفی وزیر اربیل | د. عیمان امین صالح |
| 19 | بنیاتی هونەریی حەیران | ئەحمەد قەندیل |
| 20 | الرحیل الدامی – حمەکریم عارف– روایە | ت: جلال زنگابادی |

| | | |
|---|---|---|
| 21 | لەتێ پیاو – چیرۆك | مەهاباد قەرەداغی |
| 22 | زوجات (خليفه) الفاتنات – مجموعه قصصيه | ت: مكرم رشيد الگالبانی |
| 23 | شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا | د. سەلیم رەشید |
| 24 | الفچاو الروائی عند سليم بركات | د. شاكر سابير |
| 25 | سی ساڵ شیعر– دوو بەرگ | سەباح رەنجدەر |
| 26 | سترانی شەپۆلەکان – شیعری نوێی فارسی | و: ئەمین گەریگلانی |
| 27 | دیوانی کەریم دەشتی– کۆ شیعر– سێ بەرگ | کەریم دەشتی |
| 28 | رۆمانە شیعر مێژوو سەرهەڵدان | عەبدوڵڵا رەحمان |
| 29 | سکاڵا لە پایز ئەکەم | و: ئاوات حەسەن ئەمین |
| 30 | سترانێن پەلا– دوو بەرگ | عارف حيتۆ |
| 31 | شەبەنگی شینی ژمارەکان – شیعر | هاشم سەراج |
| 32 | خوێندنەوەی پەراوێز پەراوێزی خوێندنەوە | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا |
| 33 | ئەزموون لەنێوان شکست و | فەرەیدون سامان |

| | | |
|---|---|---|
| | داهێناندا | |
| 34 | الگبیعه بین السیاب و گۆران | د. لگیف محمد حسین |
| 35 | فنارات نقدیه فی الروایه الکردیه | د. عادل گەرمیانی |
| 36 | کۆی کورتە چیرۆکەکانم | د. عەبدوڵڵا ئاگرین |
| 37 | چیرۆك و نامەی راڤەکردن | و: سەنگەر زراری |
| 38 | ژمارەو رەنگەکان – شیعر | پەسار فایەق |
| 39 | هەولێر – رۆمان | شێرزاد هەینی |
| 40 | فەرهەنگی زمانی شیعر و چەند خوێندنەوەیەکی دیکە | زانا خەلیل |
| 41 | کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا | د.عەبدوڵڵا خدر مولود |
| 42 | کتێبی سەر دەریا– شیعر | نەوزاد عەلی ئەحمەد |
| 43 | کۆمەڵە شیعر (8) قەسیدە | فەرید زامدار |
| 44 | Rewnama Or The Book of Migration - Abdullah Sarraj | و: محمد حسین رسول |
| 45 | Bi Pê Şopa Azadiya xwe Dikevim | لقمان محمود |

| | | |
|---|---|---|
| موحسین محەمەد | رامانی پاك لە تەنیاییدا– شەش دەقی شانۆیی | 46 |
| لێژنەی رۆشنبیری | فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی | 47 |
| Tr: A.Ne'mati- Huda M. Sailh- J. Azodi- Luqman Asih- Shamal Akrayi | The Elegy of The Mountain – By Kurdish Authors Selection and Introduction By: Dr.Hemdad Hussen | 48 |
| کەریم کاکە | کرێمستی – رۆمان | 49 |
| ت: سامی الحاج | مژکرات میت قصص – اسماعیل هاجانی | 50 |
| حەسەن جاف | یادداشتەکانی پیاوێکی لەبیرکراو – کۆ چیرۆك | 51 |
| د. هاوژین صلیوە | ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا | 52 |
| شوان سەرابی | تێکست و دیدگا | 53 |
| حەمەکەریم هەورامی | پیرشالیار – رۆمان | 54 |

| | | |
|---|---|---|
| مەهاباد قەرەداغی | دیوانی مەهاباد قەرەداغی | 55 |
| ت: محمد سعيد نجاری (ئاسۆ) | از كجا تا بەكجا؟ هيمن مكريانى | 56 |
| ئەحمەدێ زەرۆ | مە چ دڤێت وان نەڤێت – هوزان | 57 |
| عصمەت محەمەد بەدەل | سەما و ژڤانەكێ نە چاڤەرێكری – كورتە چیرۆك | 58 |
| ئازاد كەریمی | لە بەرزایی یەكانی مەزرا بۆتانەوە... – شیعر | 59 |
| و: عەبدولڕەحمان مەعرووف | گومان و بەدگومانی | 60 |
| و: د. هیمداد حسێن | مەتارە – چیرۆك | 61 |
| د. ئیدریس عەبدوڵڵا | كڵاوی با بردوو – تێكستی ئەدەبیی میللەتان | 62 |
| و: رەزا كەریم موجاور (تاپۆ) | زمانی گڕ – دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو بەفارسی | 63 |
| م. ساماڵ ئەحمەد | سەرپەڕەكانی هیچ – شیعر | 64 |
| Enwer Mihemed | Kurê safa re'nayê | 65 |

| | | |
|---|---|---|
| Tahir | | |
| جەعفەر شێخولیسلامی | راسپاردە – شیعر | 66 |
| ستار ئەحمەد | دیوانی ستار ئەحمەد – شیعر | 67 |
| T: Ahmed Khalis Al-Shalan and Ghayda Ali Al-Faisal | Gulistan and the Night - Hasan Slivani | 68 |
| هزرڤان | هندەك ژ وە و هەموو ژ من – شیعر– دوو بەرگ | 69 |
| و: حەمەکەریم عارف | هاوماڵەکان– ئەحمەد مەحموود– رۆمان | 70 |
| و: ئا: حەمە عەباس | لەبەردەم جوانیدا | 71 |
| و: تاهیر عوسمان | هاوڕێی حکومەت | 72 |
| ئاوات حەسەن ئەمین | پشوو لە لێوارەکانی تەمەنا | 73 |
| بەرزان هەستیار | نەوەیەك بەتەنیشت نیگەرانی و گوناه و خەونەوە | 74 |
| ژاوێن شاڵی | نە تۆ مایتەوە، نە باران | 75 |
| فەڕۆخ | پێنج سەفەر، وێنەیەك | 76 |

| | | |
|---|---|---|
| | | نێعمەتپوور |
| 77 | گەڕان بەدوای ئەفسانەدا | پیرداود مەخمووری |
| 78 | هندەك ڤەكۆلین ل دۆر فولكلۆرێ كوردی | حجی جعفر |
| 79 | تایبەتمەندییێن شعرا كوردی ل ئێكەتییا سۆفییەت | كۆڤان خانكی |
| 80 | بەڵێ، هەڵەیەك رووی داوە | تێكۆشەر خالید |
| 81 | سەمای سەفەری پیاوێك | كەریمۆك |
| 82 | عەبدولقادر قرچەیی.. ڕووناكبیرێكی ڕابەر..! | زانیار سەردار قرچەیی |
| 83 | دەقاوێزان لە رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا | د. هەڵمەت بایز |
| 84 | بررسی و جایگاه فرهنگ عامه در دیوان نالی | كژال فداكار |
| 85 | گۆشەنیگا لە رۆمانەكانی سەبری سلێڤانی دا | د. بەیان ئەحمەد حسێن ئامێدی |
| 86 | تەكنیكی گۆشەنیگا لە رۆمانەكانی (بەختیار عەلی)دا | د. مستەفا ساڵح مستەفا خرواتانی |
| 87 | هەڤوەغەرێ بای | محەمەد عەلی |

| | | |
|---|---|---|
| | | یاسین |
| 88 | کەسێك لازۆی دیبیٚ؟ (رۆمان) | محەمەد فەریق حەسەن |
| 89 | Uldûz û Qijik | Wergêr: Şilêr Emrahnijad |
| 90 | جامانەی خوێناویی پێشمەرگەیەك | هەڤاڵ ئەحمەدی |
| 91 | لا قمامه فى هژه المدينه | إبراهيم محمود |
| 92 | کورتیله چیرۆکی کوردی له باشووری کوردستاندا (1970 – 1979) | ئازاد محەمەد سەعید |
| 93 | اگفال محله حسام | اکو کریم معروف |
| 94 | گائر الفينيق | نواف خلف السنجاری |
| 95 | قاچی محمد – التاج الژهبی | احمد اسماعیل اسماعیل |
| 96 | نوێژی روناهی | ئاسۆ حەسەن |
| 97 | توانەوەی کات – شیعر | فەهد شوانی |
| 98 | کتێبەکەم – کتێبی منداڵان | حەمە ساڵح فەرهادی |
| 99 | بارش عشق – شعر | ترجمه: نسیم |

| | | |
|---|---|---|
| | | مروت جوو |
| 100 | دیالۆگ – دوو بەرگ | ئازاد عەبدولواحێد |
| 101 | منداڵ و فیلم کارتۆن (ئۆپەرێت بۆ منداڵان) | عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی |
| 102 | منداڵ لە هەندێ بواری رۆشنبیریدا | دارا محەمەد عەلی |
| 103 | شاعیرێ وێنە دەکێشێ– کۆبەرهەم | عەبدولقادر سەعید |
| 104 | کۆ شیعری جەمال شارباژێری (دوو بەرگ) | جەمال شارباژێری |
| 105 | دیداری رۆمانی کوردی | ئا: لێژنەی رۆشنبیری |
| 106 | گرشە | بێبەش |
| 107 | بارین (کۆ چیرۆك) | ئەحمەد عارف |
| 108 | سێ چیرۆك و سێ پایە | سەدرەدرین نورەدین ئەبوبەکر |
| 109 | پەیکەرێك لەئێسقان | هەردی شەفیق |
| 110 | لە ژێر تیشکی رەخنەدا | ساڵح سووزەنی |

| | | |
|---|---|---|
| 111 | جادوی سپی | سلاح عومەر |
| 112 | کۆندڕی مەرگ | محەمەد کەریم نانەوا |
| 113 | لەسەر جەستەی ڕوتت لە خاچم دە | ناڵە حەسەن |
| 114 | ڕۆژ ژمێری ژووره داخراوەکان | جیهان عومەر |
| 115 | لە خەزانی ڕەزێکەوە هەتا ئاڵیی گوڵهەنارێك | پشکۆ نەجمەدین |
| 116 | ئەو عەشقەی کە سووتاندمی | تاهیر شێواو |
| 117 | شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربالْ مەحموود | صافیە محەمەد ئەحمەد |
| 118 | کارێزە مەرجان/ دوو بەرگ | موحسین ئاوارە |
| 119 | Dîwana Çarînên Şewtîdil | Eskender Ceiferî \`Şewtîdil\` |
| 120 | شینی شالوور | نەوزاد ڕەفعەت |
| 121 | مم و زین | برگردان: رسول کریمی (سووتاو) |
| 122 | بەرامەی گوڵاڵەی ئەوین | و: ژینۆ حەکیم مەلا سالْح |
| 123 | ماڵێك بۆ خۆشبەختی عاشقەکان | سارا جعفر |

| | | |
|---|---|---|
| 124 | قاوەیەك تاڵتر لە تەنیاییم | بێکەس حەمە قادر |
| 125 | دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی | حەمەکەریم عارف |
| 126 | گۆرانی سپی | رزگار عومەر |
| 127 | واران | خەبات رەسوڵی |